دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

- حیزبی دێموکرات و ٩ ڕەوتی سیاسی دیکە «لێکتێگەیشتننامەیەکی هاوبەش»یان واژۆ کرد ٢
- هەیئەتێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لەگەڵ حیزبی دێموکرات کۆ بوونەوە ٢
- تێکۆشەرانی دێموکرات لەگەڵ پێشمەرگەی کوردستان پەیمانیان نوێ کردەوە ٣

ژمارە ٧٣٨، چوارشەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی، ٢١ی نوامبری ٢٠١٨
www.kurdistanmedia.com



جارێکی دیکە نەرمینواندنی قارەمانانە؟ ٥



هەڵگەڕانەوەی دەوڵەتی ئاخوندی لە... ٨




کاریگەریی گەمارۆکانی ئامریکا بۆ سەر... ٩



وتووێژی کوردستان لەگەڵ حەسەن ساڵح زادە ١٠

# بەفەرمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس، بۆ پێکەوەمانەوەی خەڵکانی ئێران پێویستە



حیزبی دێموکرات و ٩ حیزب و ڕەوتی سیاسی سەر بە نەتەوەکانی ئێران، ڕێکەوتی ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی بەرامبەر لەگەڵ ١٦ی نۆوامبری ٢٠١٨ی زایینی وێڕای واژۆکردنی تێگەیشتننامەیەکی هاوبەش، داوای هاوکارییان لە باقی هێز و حیزبە سیاسییەکان بۆ خەبات لەمەڕ ڕووخاندنی ڕێژیمی ئێران کرد.

لە دەقی بانگەوازی ئەم حیزب و ڕەوتە سیاسییانەدا وێڕای ئاماژەدان بە ڕابردووی خەباتی خەڵک لەدژی ڕێژیم و پێویستیی یەکیەتی ڕەوتە سیاسییەکان لەو پێناوەدا هاتووە: ئێمە پێبەندین لەسەر پێویستی یەکیەتییەکی بەربڵاو بۆ سەقامگیرکردنی سیستمێکی دێموکراتیکی کۆماری و فێدراڵ لە ئێران و بایەخگەلی وەک تۆلێرانس، پلۆرالیزم، جیایی دین لە دەوڵەت لەسەر بنەمای جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و پێکەوەژیانی هەموو ڕەوت و بیرە سیاسییە دێموکراتیکەکان.

واژۆکەرانی ئەم لێکتێگەیشتننامە لە ١٤ خاڵی جەوهەریدا گەلاڵەی هاوبەشی خۆیان پێشکەش کردووە کە گرینگترینیان بریتین لە: جیایی دین لە دەوڵەت، نەمانی ناوەندگەرایی و دابەشکردنی دەسەڵات لە پێکهاتەی سیاسی ئێران، دابینکردنی ئازادییە سیاسییەکان، پتەوکردنی پایەکانی دێموکراسی لە وڵاتدا، دژایەتی کردن لەگەڵ بونیادگەرایی، تێرۆریزم و بەڕێوەبردنی توندوتیژی و چەندین خاڵی گرینگی دیکە.

ئەو لایەنانەی کە لەسەر ئەم تێگەیشتننامە ڕێککەوتوون و اژۆیان کردووە بریتین لە: یەکیەتی دێموکراتیکی ئازەربایجان – بیرلیک، بزووتنەوەی کۆماریخوازە دێموکرات و لاییکەکانی ئێران، حیزبی تەزامۆن دێموکراتیکی ئەهواز، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێری کوردستانی ئێران، حیزبی خەڵکی بەلوچستان، ڕێکخراوی یەکیەتی فیداییانی خەڵکی ئێران، شۆرای کاتیی سوسیالیستە چەپەکانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان.

ئەمە یەکەمین لێکتێگەیشتنی هێزە سیاسییەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێرانە کە وەها بە بەربڵاوی هاتۆتە ئاراوە و وەک کارناسانیش دەڵێن دەتوانێ ببێتە یەکەمین هەنگاوی کردەیی بۆ یەکگووتاری و یەکگرتوویی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی دژبەری ڕیژیمی تاران؛ وەک خۆشیان باسیان لێوە کردووە ئەمە بە هەوڵێکی سەرەتایی دەزانن، بە هەنگاوێک بۆ دامەزراندنی یەکیەتییەکی بەربڵاو لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران.

دەقی بانگەوازی ئەم لایەنانە بۆ پەیوەست بوونی باقی هێزە سیاسییەکان، بنەما گشتییە هاوبەشەکانی ئەم هاوکارییە و دەقی گەڵاڵەی ئاماژەبۆکراو لە لاپەڕە ٢ی ئەم ژمارەی کوردستان خراوەتە بەر دیدی خوێنەرانی خۆشەویست.

# ئامریکا گوشارەکانی خۆی بۆسەر کۆماری ئیسلامی چڕتر کردووەتەوە



برایان هووک نوێنەری تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا بۆ کاروباری ئێران لە نویترین لێدوانیدا سەبارەت بە ئێران ڕێکەوتی ٢٩ی خەزەڵوەر، وێڕای ئاماژەدان بە تەحریمەکانی وڵاتەکەی بۆسەر کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند: قورسترین تەحریمە مێژووییەکان دژ بە کۆماری ئیسلامی هاتوونەتە ئاراوە و ئەم ڕەوشەش بەردەوامە.

برایان هووک لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ کاناڵی "ئەلحورە" ڕایگەیاندووە: تەحریمەکان چالاکییەکانی ئێرانی توشی شڵەژان کردووە. ٨٠٪ی داهاتی ئێران لە ڕێگەی هەناردەکردنی نەوت دابین دەکرێت و ئێمە توانیومانە ١ میلیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەکراوی ئێران کەم بکەینەوە کە دەکاتە دەوروبەری ٢ میلیارد دۆلار.

لە درێژەی قسەکانیشیدا وتوویەتی: کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٢٠١٣وە نیزیک بە ١٦ میلیارد دۆلار پارەی خەڵکی ئێرانی لە عێراق، سووریە و یەمەن بۆ پشتیوانی لە تێرۆریزم، بەرهەمهێنانی مووشەک و تێکدانی ئاسایشی ناوچە سەرف کردووە؛ کەواتە تەحریمەکانی ئێمە ژیرانە و لە جێی خۆیاندا بوون.

ناوبراو وتوویەتی: ئەمانە قورسترین تەحریمگەلێکن کە خراونەتە سەر کۆماری ئیسلامی و ئێمە ئەم کارەمان وەکوو بەشێک لە گوشارە ئابوورییەکان بەمەبەستی گۆڕینی هەڵسوکەوتەکانی ڕێژیم دەست پێکردووە.

لە وتووێژێکی دیکەشیدا لەگەڵ کاناڵی ئەلعەرەبییە برایان هووک وتوویەتی: ئێران گەورەترین پشتیوانی تێرۆریزم لە جیهاندایە هەر بۆیە ئێمە لانیزۆری گوشارەکانمان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی دەست پێکردووە و درێژەشی پێدەدەین بەو جیاوازییەوە کە ئەگەر لە ڕابردوودا توانای دەوردانەوەی تەحریمەکانیان هەبوو ئێستە بەهۆی مێکانیزمە نوێکانمانەوە ناتوانێ ئەم کارە ئەنجام بدات.

ئامریکا ڕایگەیاندووە کە بازرگانی کردن لەگەڵ ئێران دەتوانی بە مانای دابینکردنی ماڵیی تێرۆریزم بێت بۆیە هەر کەس و لایەنێک هاوکاری ئێران بکات دەکەوێتە بازنەی تەحریمەکانی ئێمەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە مایک پۆمپێئۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئامریکا ڕوو لە عەلی خامنەیی وتوویەتی: پارەی ئێرانییەکان بۆ خەڵکی ئێران سەرف بکە.

لە دژکردەوە بە تەحریمی تۆڕی هەناردنی نەوتی ئێران بۆ سووریە، وەزیری دەرەوەی ئامریکا هۆشداری دووبارەی دایە هەموو لایەک و ڕوو لە خامنەییش پەیامێکی بڵاو کردەوە.

مایک پۆمپێئۆ وەزیری دەرەوەی ئامریکا پاش ڕاگەیاندنی هەواڵی تەحریم کردنی ٩ کەس و دامەزراوە لەلایەن وڵاتەکەیەوە بە تۆمەتی گواستنەوەی نەوت بۆ دەوڵەتی سووریە، ڕوو لە عەلی خامنەیی ڕایگەیاند: لەباتی سەرف کردنی پارەی خەڵکی ئێران بۆ تێرۆریستان، خەڵکی وڵاتەکەت بژیێنە.

هەر لە درێژەی ئەم پەیامە تویتێرییەدا ناوبراو وتوویەتی: ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕیاری کۆتایی خۆی بدات، ژیانی خەڵکی ئێرانی بەلاوە گرینگترە یان دابینکردنی کەرتی ماڵی تێرۆریستان؟

## پەیڤ

### » لە ئینکارەوە بۆ دانپێدانان

**کەریم پەرویزی**

گرفتی بنەمایی و سەرەکیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتێکی بەڵێدراوی وەکوو ئێران، لانیکەم لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا ئەوە بووە کە دادپەروەریی سیاسی، کە هەموو نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە وەکوو یەک چاو لێ بکا لە ئارادا نەبووە.

نەبوونی دادپەروەریی سیاسی، یان بە واتایەکی دیکە بوونی ستەمی سیاسی لەسەر نەتەوە جیاوازەکان لە ناوچەدا سەرچاوەی سەرهەڵدانی دەیان و سەدان کێشەی جیاواز لە ناوچە بووە و کۆتایی سەدەی نۆزدە و تەواوی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکی لێوانلێو کردووە لە قڕکردن و ئینکار و هەوڵی جینۆسایدی ئەوانی دی! لە کوشتاری ئەرمەنییەکان و کوشتاری کوردەکان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتەوە بگرە تاکوو کارەساتەکانی دوای فەرمانی جەهادی خومەینی و ئەنفال و تاوانەکانی دژ بە شەنگال و قڕکردنی یەهوودییەکان لەم ناوچەیە و کوشتاری شیعەکان لەو وڵاتە و جینۆسایدی سونییەکان لەم وڵاتە و دەیان و سەدان نموونەی دیکە کە هەر هەموویان لە بیرۆکەی یەکترسڕینەوە و ئینکارەوە سەرچاوەی گرتووە و وەکوو دوکتور قاسملووی نەمر وتی، تیرۆریزم لەو نادادپەروەرییەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەرچاوەی گرتووە و هەتاکوو دادپەروەری و پێکەوەژیانی یەکسانی نەتەوەکان دابین نەبێ، تیرۆریزم وشکایی نایەت.

لە ئێرانیشدا بەتایبەتیتر دیاردە و بیرۆکی ئینکار و سڕینەوە تیۆریزە کراوە و بە دوای دەسەڵاتی ڕەزاخانەوە تیۆرییەکان بە هێزی چەک و پۆتین بەکردەیی کراون و قڕکردن و جینۆسایدیان لێ کەوتوەتەوە. لەم ئێرانە وێرانەیەدا زیاتر لە یەک سەدەیە بە تیۆریی شۆڤینیستی، بوونی نەتەوەی جیاواز لە ئێراندا ئینکار دەکرێ و هەموو هەوڵێکی تیۆریک و نیزامی و ئابووری و ئیتلاعاتی و ئەمنیەتی و ... دراوە کە هەموو خەڵکی نێو جوغرافیای ئێران وەکوو یەک نەتەوەی یەکسان پێناسە بکرێن و بە دونیای دەرەوە نیشان بدەن و گەر جیاوازییەکی چکۆلە! هەبێ، ئەوە بە خوردە فەرهەنگ و جیاوازیی جلوبەرگ و شایی و سەرەخۆشیی نیشان بدەن!

ئەرکی بنەڕەتیی خەباتی یەکسانیخوازیی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بەتایبەتی لە ئێراندا ئەوەیە کە بیسەلمێنن کە نەتەوەی یەکدەست لە وڵاتدا نییە و شوێنێک وەکوو ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە؛ کە ئەمە سەلمێندرا و قبووڵ کرا، ئەوکات ماف و داواکاریی و مافی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# حیزبی دێموکرات و ٩ ڕەوتی سیاسی دیکە «لێکتێگەیشتننامەیەکی هاوبەش»یان واژۆ کرد

## دە حیزب و ڕەوتی سیاسی ئێرانی وێڕای واژۆکردنی ئەم تێگەیشتننامە هاوبەشە، داوای هاوکارییان لە باقی هێز و حیزبە سیاسییەکان بۆ خەبات لەمەڕ ڕووخاندنی ڕێژیمی ئێران کرد.



لە دەقی بانگەوازی ئەم حیزب و ڕەوتە سیاسییانەدا وێڕای ئاماژە بە ڕابردووی خەباتی خەڵک لەدژی ڕێژیم و پێویستیی یەکیەتی ڕەوتە سیاسییەکان لەو پێناوەدا هاتووە: ئێمە پێبەندین لەسەر پێویستی یەکیەتییەکی بەربڵاو بۆ سەقامگیرکردنی سیستمێکی دێموکراتیکی کۆماری و فێدراڵ لە ئێران و بایەخگەلی وەک تۆلێرانس، پلۆرالیزم، جیایی دین لە دەوڵەت لەسەر بنەمای جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و پێکەوەژیانی هەموو ڕەوت و بیرە سیاسییە دێموکراتیکەکان.

### دەقی بانگەواز و لێکتێگەیشتننامە هاوبەشەکە بەم چەشنەیە:

بانگەواز بۆ هاوکاری هاوبەش

وڵاتەکەمان نیزیک بە ٤٠ ساڵە لەژێر ستەم و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدایە. ئەمرۆکە لە هەلومەرجێکدا کە خەڵکی ئێران لە هەموو بیاڤەکاندا دەستیان داوەتە خەباتێکی بەربڵاو بۆ ئازادی، ڕزگاری و وەدیهێنانی مافەکانیان، ئێمە ڕەوت، ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان بە ڕوانینە کۆمەڵایەتی و پێشینە سیاسییە جیاوازەکانمان، هەوڵێکی هاوبەشمان لەسەر بنەمای ئەم لێکتێگەیشتننامەیە دەست پێکردووە. ئێمە ئەم هەوڵە سەرەتاییە بە هەنگاوێک بۆ دامەزراندنی یەکیەتییەکی بەربڵاو پێناسە دەکەین و لەم ڕێگەیەدا لە هیچ هەوڵێک درێغی ناکەین.

ئێمە پێدادەگرینەوە لەسەر پێویستی هەبوونی یەکیەتییەکی بەربڵاو بۆ دامەزراندنی دێموکراسی، سیستمی کۆماری و فێدراڵیزم لە ئێران و بایەخگەلی وەک تۆلێرانس، پلۆرالیزم، جیایی دین لە دەوڵەت لەسەر بنەمای جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و پێکەوەژیانی هەموو ڕەوت و بیرە سیاسییە دێموکراتیکەکان.

ئێمە بە پێداگرتنەوەی لێبڕاو لەسەر بەردەوامی و پەرەدان بە بزووتنەوە ئێعترازی، مەدەنی و دێموکراتیکەکان لە ئێران و پشتیوانی لە خەباتی خەڵک، داوا لە سەرجەم حیزبەکان، دامەزراوەکان، ڕێکخراو و ئەو ڕەوتە کۆماریخوازە دێموکراتیکانە دەکەین کە خۆیان بە هاوفکر لەگەڵ ئەم لێکتێگەیشتننامە دەزانن هاوکارمان بن و داوایان لێدەکەین بۆ خەبات لەمەڕ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵمان بن.

بنەما هاوبەشەکانی هاوکاریی ئێمە

### پێشەکی:

ئا: پاش یەک سەدە خەباتی پڕهەوراز و نشێو لە ڕێگەی ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دابینکردنی سەروەری خەڵک، نەهادینەکردنی دێموکراسی لە وڵات و هەوڵی بەردەوام بۆ دانانی بناغەی ئێرانێکی ئازاد، پێشکەوتوو و مۆدێرن و دوور لە هەر چەشنە هەڵاواردنێکی جنسی، نەتەوەیی و مەزهەبی، وڵاتی ئێران دیلی دەستی سەرەڕۆیی و دەسەڵاتێکی سەرەڕۆیە. خەڵک لە مافە بنەڕەتییەکانیان، لە ئازادییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، سێنفییەکانیان و ئەمنیەتی یاسایی و کۆمەڵایەتییان بێبەش کراون.

هەڵاواردن دژ بە ژنان کە نیوەی حەشیمەتی وڵات پێک دەهێنن، سیاسەتی فەرمی و یاسایی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. جیابیران، ڕوناکبیران، نووسەران، هونەرمەندان، هزرڤانان، لاوان و خوێندکاران لە بەردەم هەڕەشە و پەلاماری هەمیشەیی حکومەتدان. کرێکاران، مامۆستایان، زانکۆییەکان و باقی بەرهەمهێنەرانی سەرمایەی ماددی و مەعنەوی کۆمەڵگا، لە دابینکردنی کەمترین پێداویستییەکانی ژیانێکی لەبار و شیاو لەگەڵ جێگە و پێگەی ئینسانی و کۆمەڵایەتییان دۆشداماون و بێبەش کراون لە مافی پێکهێنانی سەندیکا و دامەزراوەی سەربەخۆ. هەڵاواردن و ستەمی نەتەوەیی دژ بە نەتەوەکانی ئێران بە خراپترین شێوەکان درێژەیان هەیە. کۆماری ئیسلامی لە درێژەی ستەمکاریەکانی پێشوویان بە شەڕ و توندوتیژی وڵامی داواکارییە ڕەوا نەتەوەیی و قەومییەکانیان دەدەنەوە. یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی و پێکهاتەی دەسەڵات لەودا، لەسەر بنەمای هەڵاواردن، تێکەڵاوکردنی دین و دەوڵەت، دوژمنایەتی کردنی ئازادی و نوێخوازی بنیات نراوە. لە کۆماری ئیسلامیدا خەڵک لە مافی بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان بێبەشن و مافەکانی مرۆڤ بە بەردەوامی و بەشێوەیەکی توندوتیژ پێشێل دەکرێت.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە گشتیەتی خۆیدا ڕیفۆرمهەڵگر و جێگەی ئیسلاح کردن نییە و لەو چوارچێوەدا هیچ کام لە ویستە دێموکراتیکەکانی خەڵکی ئێران وەدی نایەت. کەواتە، ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەڵوەشاندنەوەی هەموو دامەزراوە قەزاییەکان، یاسادانەر و ئیجراییە سەرکوتکارەکان (سیاسی، سەربازی، ئەمنیەتی و ...) و هەروەها هەڵوەشاندنەوەی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی و باقی یاسا نادێموکراتیکەکان، مەرجی یەکەم و سەرەکییە بۆ سەقامگیرکردنی سیستمێکی کۆماری لەسەر بنەمای دێموکراسی، جیایی دین لە دەوڵەت و مافەکانی مرۆڤ.

ب: خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بەردەوام بەڕێوە چووە. دەیان هەزار کەس لە خەباتکارانی ڕێگەی ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ماوەی نیزیک بە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا لە تێکۆشان دژ بە سەرەڕۆیی زاڵ گیانیان لەدەستداوە.

چوار دەیەیە کە خەڵک بەشێوازی جۆراوجۆر نارەزایەتییەکانی خۆیان لە دۆخی داسەپاو ڕاگەیاندووە و هەندێک جار بێ گوێدان بە سیاسەتی سەرکوتکارانەی دەسەڵات، بەشێوەی چەند میلیۆن کەسی ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و بێزاریی خۆیان بەرامبەر بە سیاسەتی نادێموکراتیک، نادادپەروەرانە و پڕ لە هەڵاواردنەکانی دەسەڵات دەربڕیوە. دوایین نموونەش بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی چەند مانگی ڕابردوو و بەتایبەت ڕابوونی مانگی بەفرانباری ڕابردوو و مانگرتن و نارەزایەتی دەربڕینەکانی ئەم دواییانەیە. لە ئاکامی ئەم نارەزایەتی دەربڕینانە، ڕواڵەتی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی لە ئاستێکی بەربڵاودا خۆی دەرخست و ئەم ئێعترازە خەڵکییانە بوونە هەوێن و یارمەتیدەرێکی باش بۆ هاوپێوەندی نیشتمانی و نێونەتەوەیی لەمەڕ وەدەستخستنی دێموکراسی.

پ: لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا ئازادیخوازان و هێزە چەپ، دێموکرات و کۆماریخوازەکان بە بەرنامە و مێتۆدی جۆراوجۆر دژ بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی خەباتیان کردووە بەڵام ئەزموون پێمان دەڵێ کە بە بێ هاوکاری و یەکیەتیی کرداری ئەم هێزانە، دەرەتانی کاریگەری دانانیان لەسەر ڕووداوە سیاسییەکان و شکڵدان بە ئاڵتێرناتیڤێکی کۆماریخواز و دێموکرات دژوار دەبێتەوە. ئەمرۆکە بۆ پێشکەوتنی بزووتنەوە، پێویستی هاوکاری و یەکیەتی کرداری ئەم هێزانە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بووەتە پرسێکی گرینگ.

ئێمە ئەو ڕێکخراو و حیزبانەی کە ئەم لێکتێگەیشتننامەمان واژۆ کردووە، بە بەرنامە، ڕوانینی کۆمەڵایەتی و ڕابردووی سیاسی جیاوازەوە پێبەندین بە پێویستی هەبوونی یەکیەتی بەرینی کۆماریخوازە دێموکراتەکان، بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێران لەسەر بنەمای جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و بڕیارنامە پەیوەندیدارەکانی، بایەخگەلی وەک پلۆرالیزم، جیایی دین لە دەوڵەت، یەکتر قەبووڵ کردن و پێکەوەژیانی هەموو ڕەوت و لایەنە سیاسییە دێموکراتیکەکان؛ ئێمە ئەو هێزانەین کە بۆ بەردەوامی، بەربڵاوی و قووڵترکردنی بزووتنەوە ئێعترازییەکانی خەڵکی ئێران کە توانیویەتی کۆڵکەزێڕینەیەک لە چینەکان، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و هێزە سیاسییە ئازادیخوازەکانی کۆمەڵگە بێت، خەبات دەکەین، پێداگرین لەسەر خەباتی مەدەنی و دێموکراتیک و ئاشتیخوازانە کە هێمای بزووتنەوەی ئێعترازییە و لێکتێگەیشتن لەسەر ئەم گەڵاڵەیە بە هەنگاوێک لەمەڕ دامەزراندنی یەکیەتییەکی بەربڵاو بۆ کۆماریخوازەکانی ئێران دەزانین.

گەڵاڵەی هاوبەشی ئێمە

١.دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیک لە شکڵی کۆمارێکی پارلمانی لەسەر بنەمای جیایی دین لە دەوڵەت، جیاکردنەوەی ٣ هێزی سەرەکی (قوای سەگانە) و پلۆرالیزمی سیاسی، هەڵبژێردراوبوونی هەموو دامەزراوەکانی حکومەت بە دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵک و لەبەرچاوگرتنی ئەسڵی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات (تناوب قدرت). ئێمە پێداگرین لەسەر ئەوەیکە دەنگی خەڵک تەنیا سەرچاوەی هێز و دەسەڵات و ڕەوایی حکومەتە.

٢. وڵاتی ئێران لە ئاکامی پێکەوەژیانی نەتەوەکانی فارس، تورک، کورد، عەرەب، بەلووچ، تورکمان و باقی پێکهاتە زمانییەکان و کەمینە مەزهەبی و فەرهەنگییەکان شکڵی گرتووە.

بۆ یەکیەتییەکی هەمیشەیی و پێکەوە مانەوەی خەڵکانی ئێران پێویستە:

یەکەم، شوناس و مافە نەتەوەیی – دێموکراتیکەکانی ئەم خەڵکە قبووڵ بکرێت و مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بە فەرمی بناسرێت.

دووهەم، کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند و سەنترالیزمی هەنووکەیی، جێگەی خۆی بدات بە نەمانی ناوەندگەرایی و دابەشکردنی دەسەڵات لە پێکهاتەی سیاسی ئێران.

ئێمە خوازیاری یەکیەتیی ئازادانەی خەڵکانی ئێران لە نێو سیستمێکی سیاسی و ئیداری فیدراڵداین.

٣.جیایی دین لە دەوڵەت و گەرەنتی کردنی ئازادی بیروباوەڕ، دین و مەزهەب.

٤.دابینکردنی ئازادییە سیاسییەکان، مافە دێموکراتیک و مەدەنییەکانی خەڵک، گەرەنتی کردنی ئازادی ئەندێشە و دەربڕین، ڕاگەیاندن و میدیاکان، شێوازی ژیان، چالاکی حیزبە سیاسییەکان، ئازادی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە، خۆپیشاندان، مانگرتن و سازکردنی ڕێکخراوە سێنفی و مەدەنییەکان.

٥.دابینکردنی یەکسانی مافی شارۆمەندان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جینس، مەزهەب، بەستراوەیی قەومی، نەتەوەیی، زمانی و ڕێباز.

٦.پێبەند بوون و گەرەنتی کردنی ماف و ئازادییە پەسندکراوەکان لە ڕاگەیەندراوی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە پێوەندیدارەکانی.

٧.هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدام و هەرچەشنە سزادانێک کە ئابڕوو، جێگە و پێگەی مرۆڤەکان خەوشدار بکات.

٨.دابینکردنی یەکسانی مافەکانی ژنان و پیاوان، هەڵوەشانەوەی هەر چەشنە هەڵاواردنێکی جینسی، جێبەجێکردنی تەواو و بێ کەموکوڕی ماددەکانی کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی هەڵاواردن دژ بە ژنان و دانی گەرەنتی یاسایی بۆ دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست بۆ گەشەی توانایی و لێهاتووییەکانی ژنان لە هەموو بوارەکان ژیانی تاکەکەسی، بنەماڵەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسی.

٩.پتەوکردنی پایەکانی دێموکراسی لە وڵاتدا و بەردەوامی پێکەوەژیانی مێژوویی پێشاندەرەکانی وا دەخوازێ مافی وەک یەکی نەتەوەکانی ئێران و مافە نەتەوەیی – دێموکراتیکەکانی نەتەوەکان و قەومەکانی نیشتەجێ لە ئێرانێکی یەکگرتوو، دێموکراتیک و ناناوەندگەرا لە هەموو بیاڤەکانی نەتەوەیی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دابین و گەرەنتی بکرێت.

١٠.دابینکردنی هەل و دەرفەتی وەک یەک بۆ دەسپێڕاگەیشتنی هەمووان بە خانووبەرە، بێهداشت، فێرکاری و پەروەردە، کار و پیشە، فەرهەنگ و بیمە کۆمەڵایەتییەکان.

١١.دامەزراندنی پێوەندییە سیاسییەکانی ئێران لەگەڵ هەموو وڵاتانی دنیا لەسەر بناغەی ڕێزگرتنی دوولایەنە، قبووڵ کردنی ئەسڵی دەسەڵاتی خەڵکی ئێران، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و پارێزگاری کردن لە ئاشتی جیهانی. ئێمە دژی دەستێوەردانی هێزە بیانییەکان لە کاروباری پێوەندیدار بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی ئێران و ئاڵتێرناتیڤ سازی لەلایەن ئەوانەوین.

١٢.ڕاکێشانی پشتیوانی بیروڕای گشتی و پشتیوانی نیهاد و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان لە خەباتی خەڵکی ئێران بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە وڵات و زیادکردنی گوشارەکان بۆسەر کۆماری ئیسلامی لە ئێعتراز بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و لە هاوپێوەندی لەگەڵ خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێرانین.

١٣.دژایەتی کردن لەگەڵ بونیادگەرایی، تێرۆریزم و بەڕێوەبردنی توندوتیژی.

١٤.ئێمە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە، مانگرتن، ڕێپێوان و شکڵە جۆراوجۆرەکانی خەبات، هەبوونی مافی داکۆکی لەبەرامبەر کردارە توندڕەوانەکانی حکومەت و خەباتی مەدەنی بۆ گەیشتن بە داخوازە ئابووریی و سیاسییەکان بە بەشێک لە مافە بنەڕەتییەکانی شارۆمەندان دەزانین.

یەکیەتی دێموکراتیکی ئازەربایجان – بیرلیک

بزووتنەوەی کۆماریخوازە دێموکرات و لاییکەکانی ئێران

حیزبی تەزامۆن دێموکراتیکی ئەهواز

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران

حیزبی خەڵکی بەلوچستان

ڕێکخراوی یەکیەتی فیداییانی خەڵکی ئێران

شۆرای کاتیی سوسیالیستە چەپەکانی ئێران

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ – ١٦ی نۆوامبری ٢٠١٨

ناونیشانی پێوەندی گرتن:
**info@iranetehad.org**

# هەیئەتێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لەگەڵ حیزبی دێموکرات کۆ بوونەوە




هەیئەتێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بە سەرپەرەستیی دوکتور "ئیبراهیم برۆ"؛ سەردانی دەستەی کارگێری حیزبی دێموکراتیان کرد و باسیان لە دۆخی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستاندا کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی، هەیئەتێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بە سەرپەرەستیی دوکتور ئیبراهیم برۆ، سەردانی دەستەی کارگێریی حیزبی دێموکراتیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، بە سەرپەرەستیی "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزب پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا، دوکتور "ئیبراهیم برۆ" ئامانج لە سەردانەکەیانی ئاڵوگۆڕی نەزەر لەسەر پرسی کورد و ئاگادارکردنەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لە ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستان و پشتیوانی لە جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەڕاندەوە.

ناوبراو باسێکی گشتی لە بواری نیزامی و ململانێی وڵاتانی ئامریکا، ڕووسیە، تورکیە، ئێران و ... لە سووریە و نەبوونی ئۆپۆزیسیونێکی دێموکراتیک کە وڵامدەری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە سووریە بێت، خستە بەر باس.

دوکتور ئیبراهیم لە بەشێکی قسەکانیدا ئاماژەی بە نایەکگرتوویی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کرد و نیگەرانیی خۆیانی لەسەر ڕەوشی ناسەقامگیری ناوچە کوردنشینەکان دەربڕی. ناوبراو لە باسەکەیدا ئاماژەی بە دەوری خۆیان لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە ڕۆژئاوا و شوێندانەرییان لە کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە لە وڵاتانی ئوروووپایی وعەرەبیدا کرد.

برۆ لەوبارەیەوە باسی لەوە کرد، لەو دانیشتنانەدا لەسەر مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد لە ڕەشنووسی دەستووری پێشنیاری بۆ سیستمی سیاسیی سووریە دوای بەشار ئەسەد و کۆسپەکانی ئاڵوگۆڕ لە سووریە؛ بەتایبەت پێکهاتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە کە ئێستایش عەقڵێەتی شوینیستی عەرەبی و ئیسلامی توندئاژۆی پێوە دیارە، گفتوگۆمان کردووە و ئەو کێشە و گرفتەشی خستە بەر نەزەری بەشدارانی کۆبوونەوە.

دوای ئەوەیکە "ئیبراهیم برۆ" باسەکەی پێشکەش کرد، "مستەفا هیجری" وێڕای سپاس بۆ ئەو ڕاپۆرتە بەپێزەی ئیبراهیم برۆ؛ لەسەر ڕەوشی ئێران، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتی هاوبەشی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەوڵەکانی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بوێری و چاونەترسیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستان لە بەرانبەر سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆمەڵێک باسی خستە بەر باس.

"هیجری" باسی لەوە کرد، گەمارۆکانی ئەم دواییەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و شوێندانەریی ئەو تەحریمانە لەسەر ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵک، چوونەسەرووی نرخی شتومەک و ڕێژەی بێکاری، داماویی ڕێژیم لە دابینکردنی پێداویستییەکان و پەککەوتنی سیستمی ڕێژیم کە لەگەڵی ڕووبەڕوو بووەتەوە؛ ڕێژیم هیچ چارەیەکی جگە لە تەسلیم بوون بە سیاسەتەکانی ئامریکا بۆ نەماوەتەوە و بە درێژەدان بە سیاسەتەکانی تەنیا کۆمەڵانی خەڵک زەرەرمەند دەکات.

هیجری لە کۆتایی باسەکەیدا وتی؛ ئێمە بە داهاتووی خەباتەکەمان لە ئاستی بەرزی هۆشیاریی سیاسیی گەلەکەمان زۆر هیواداریـن و گەلی کورد خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێزن و لە بەرانبەر سیاسەتەکانی ڕێژیم نموونەی خۆڕاگرین.

لە دوایی باسەکەدا بەشداران لەسەر ئەو باسە سیاسییە سەرنج و تێبینی خۆیانیان باس کرد.

## کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر ماڵاوایی لە ژیان کرد

کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەری ناوچەی ورمێ و برای شەهیدێکی سوورخەڵاتی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد.
ڕێکەوتی ٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی، کاک "عەشقی سەعیدی" کوڕی "عەلیڕەزا" خەڵکی گوندی "گێچی" سەر بە ناوچەی سۆمای ورمێ کۆچی دوایی کرد.
کاک عەشقی سەعیدی یەکێک لە کەسایەتییە نیشتمانپەروەر و دێموکراتپەروەرەکانی ناوچەی سۆما و برای شەهید "حەقی سەعیدی" شەهیدی حیزبی دێموکراتە کە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە شەڕی "گێچە" تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.
هاوکات برازایەکی ناوبرا بە نێوی "ئەرکان سەعیدی" دوو ساڵ لەمەوبەر لە کاتی مەئمووریەتێکی حیزبی لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی سۆما دەکەونە کەمینی هێزە دژی گەلیەکانی ڕێژیمی ئێران و شەهید دەبێت.
تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپێردرا.

## پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزب کۆچی دوایی کرد

پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری پیرانشار بۆ هەمیشە دڵی لە لێدان کەوت.
مام "ڕەسووڵ تاڕومی"، خەڵکی گوندی ئەمنجێی ناوچەی پیرانان سەر بە شاری پیرانشار، لە تەمەنی ٥□ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.
مام ڕەسووڵ تاڕومی ماوەیەکی زۆر لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا ئەرکی نیشتمانیی خۆی بەجێ گەیاند. ناوبراو یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو کە جێگای باوەڕی خەڵکی ناوچەکە بوو کە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکان بەویەڕی سەداقەتەوە تێدەکۆشا.
مام ڕەسووڵ، لە شۆڕشی گەلانی ئێرانیشدا چەند ساڵ پێوەندی بە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتەوە گرت و کاروباری حیزبی بەڕێوە دەبرد.

## کەسایەتییەکی خۆشناو و ناسراوی شاری بانە کۆچی دوایی کرد

کەسایەتییەکی خۆشناو و جێگەی ڕێزی ناوچەی بانە کە پێشتر ئەندامی حیزبی دێموکراتیش بوو، کۆچی دوایی کرد.
ڕۆژی ٢١ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی، "عەزیز عوسمانی" ناسراو بە "عەزیزبەگ خواجامیر"، کەسایەتیی ناسراو و دیاری شاری بانە کۆچی دوایی کرد.
عەزیز عوسمانی پێشتر ئەندامی حیزبی دێموکرات بوو و لە سەردەمی خەباتی چەکداریدا ماڵ و ژیانی بەردەوام لە خزمەت کادر و پێشمەرگەکانی حیزبدا بوو.
ناوبراو کەسایەتییەکەی خۆشناو و جێگای ڕێز و بڕوای خەڵکی بانە و ناوچەکانی دەوروبەری بوو.

## کەسایەتییەکی خۆشناو و ناسراوی شاری ورمێ کۆچی دوایی کرد

فەرزندە نەبی‌زادە کەسایەتییەکی خۆشناو و ناسراوی شاری ورمێ لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچە ئەسپەردەی خاک کرا.
ڕۆژی ٢١ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی، "فەرزندە نەبی‌زادە"، کەسایەتیی ناسراو و دیاری ناوچەی "دۆڵی" ورمێ کۆچی دوایی کرد.
"فەرزندە نەبی‌زادە"، کوڕی محەممەد لەدایکبووی ساڵی ١٣١٤ی هەتاوی، خەڵکی گوندی "دەلو"ی سەر بە ناوچەی "دۆڵ" لە ورمێ کە پێشتر لە کاتی شەڕی داسەپاو بە سەر کوردستان لە دژی داگیرکارانی کوردستان چەکی هەڵگرتبوو و لە کاتی ڕاسانیش هاوکارییەکی بەرچاوی بە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کردبوو ڕۆژی ٢١ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد.

## دایکی شەهیدێکی سوورخەڵات بۆ هەمیشە دڵی لە لێدان کەوت

دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەهاباد بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان کرد.
ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی، دایە "خاتوون ئەلفیدە" دایکی شەهید "ناسر خزری"، شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد.
دایە خاتوون ژنێکی ڕووخۆش و جێگای باوەڕی خەڵکی ناوچەکە بوو و هەمیشە شانازیی بە ڕێبازی کوڕەکەی دەکرد.
شەهید "ناسر خزری"، ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە گوندی مڕانە لەدایکبوو. شەهید ناسر ڕێکەوتی ٢ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٥ی

هەتاوی، لە شەڕێکدا دژی داگیرکەرانی کوردستان، لە شوێنێک بە ناوی "ساردە کوێستان" تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.

## باوکی شەهیدێکی حیزب کۆچی دوایی کرد

باوکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری بانە ماڵاوایی لە ژیان کرد.
ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی، کاک "ئەحمەد ڕەزایی" باوکی شەهید "محەممەد ڕەزایی" شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری بانە بۆ هەمیشە دڵی لە لێدان کەوت.
ناوبراو کەسێکی زەحمەتکێش و دڵسۆز بۆ پێشمەرگە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

## باوکی شەهیدێکی حیزب کۆچی دوایی کرد

باوکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری ورمێ ماڵاوایی لە ژیان کرد.
ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی، مام "دەروێش محەممەد ئەمین بەدەلگوجار" خەڵکی گوندی "گارانە"ی مەرگەوەڕ لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا، باوکی شەهید "عەبدولمەناف بەدەلگوجار" کۆچی دوایی کرد.
ناوبراو بەهوی نەخۆشی کوچی دوایی کرد و هەر ئەو ڕۆژە لەنێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپێردرا.
شەهید عەبدولمەناف ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە شەڕێکی نابەرانبەردا تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.

## تێکۆشەرانی دێموکرات لەگەڵ پێشمەرگەی کوردستان پەیمانیان نوێ کردەوە



ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە چەندین شار و ناوچەی کوردستان بە ئەنجامدانی چالاکی بەرینی تەبلیغی پەیمان و بەڵێنیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و حیزبی دێموکرات و ڕێبازی شەهیدانی کورد و کوردستان نوێ کردەوە.
شەوی ١٣ی خەزەڵوەر تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی "کۆنەقەڵا"ی شاری شنۆ و بۆ چەندەمین جار لە یەک حەوتووی ڕابردوودا چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد و بە نووسینی درووشمی شۆڕشگێڕانە، بەشێکی بەرچاو لە دیوارەکانی ئەم گوندەیان ڕازاندەوە.
بەشێک لەو درووشمانە بریتی بوون لە: بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بژی قاسملوو، بژی ڕاسان، بژی دێموکرات.
ئەم جۆرە چالاکییە لە کیلسیپانی پیرانشاریش بەشێوەیەکی بەربڵاو بەڕێوە چوو و تێیدا نیشتمانپەروەرانی ئەم دەڤەرە پشتیوانی خۆیان لە ڕاسان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەربڕی کە بووە مایەی دڵگەرمی و دڵخۆشی خەڵکی ناوچە.
هەروەها شەوی ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی تێکۆشەرانی دێموکرات لە فلکانی ورمێ چالاکی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد و بە نووسینی درووشمی شۆڕشگێڕانە و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و جامانە ئەم ناوچەیان ڕازاندەوە.
بەشێک لەو درووشمانە بریتی بوون لە: بژی قاسملوو، ڕاسان دژ بە داگیرکەران بەردەوامە، بژی ڕاسان، براکوژی بەسە ڕووخانی ڕێژیم نزیکە، بژی حیزی دێموکرات، پێشمەرگە سەربڵیندە، ڕاسان بەردەوامە، ئێمە دژ بە داگیرکەرین.
هەروەها بە هەڵکردنی چەندین ئاڵای گەورەی کوردستان وەفادارییان بۆ ڕێبازی شەهیدانی کورد و کوردستان دووپات کردەوە.
شەوی ٢٤ی خەزەڵوەریش پێشمەرگەکانی شار لە پەسوێی پیرانشار، بە نووسینی درووشم و ڕازاندنەوەی دیوارەکانی ئەم دەڤەرە بە تراکت و وێنەی ڕێبەرانی شەهید پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی دێموکرات نوێ کردەوە.
ئەو درووشمانەی کە لە پەسوێ، دیوارەکانی پێ ڕازێندرانەوە بریتی بوون لە: ڕاسانی ئەم جارە ڕاسانی شاخ و شارە، بژی حیزبی دێموکرات، ڕاسان بەردەوامە، مەرگ بۆ نیشتمانفرۆشان.
ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری بۆکان لەسەر ڕێگای بۆکان هەتا کێوی بەردەزەرد و دەورووبەری گڵکۆی شاخەوانی ناوداری کورد "موقبەل هونەرپەژوو" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
تێکۆشەرانی دێموکرات لە چالاکییانەدا بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و بڵاوی کردنەوەی وێنەی ڕێبەرانی شەهید، پەیمانی وەفاداریان بە ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.
هاوکات ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بۆ پشتیوانی لە ڕاسان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی "سینگان"ی شاری شنۆ چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
لەو چالاکییەدا بە دروشمی وەک "بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بژی قاسملوو، بژی ڕاسان و بژی پێشمەرگە" لەگەڵ حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی شەهیدان پەیمانی وەفاداریان نوێ کردەوە.

## سزادانی چەکدارانی ڕێژیم لەلایەن هەڵۆکانی زاگرۆسەوە




بەشێک لە چەکدارانی کۆماری ئیسلامی جێگیر لە شاری بانە بەهۆی دەسدرێژییەکانیان بۆ سەر کاسبکاران و ئازاردانی خەڵکی ناوچە، لەلایەن هەڵۆکانی زاگرۆسەوە سزا دران.
هەڵۆکانی زاگرۆس لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرایان کردووە کە بەشێک لە چەکدارە تاوانبارەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامییان سزا داوە کە دەستیان هەبووە لە ئازاردانی خەڵکی ناوچەی بانە و ڕێگرییان لە کاسبی کاسبکارانی ئەم ناوچە کردووە.
هەڵۆکانی زاگرۆس پۆلی ئاربابا، لە ڕاگەیەندراوێکدا سزادانی چەکدارە تاوانبارەکانی کۆماری ئیسلامیان لە ناوچەی بانە ڕاگەیاند. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە کاتژمێر ١٠و١٥ خولەکی شەوی ٢٥ لە سەر ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی دەستەیەک لە ڕێگر و تاڵانچییەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە مەبەستی ڕاوەڕووت و کوشتنی کاسبکارانی ناوچەی ناوبریکانی خێڵەڕەشی بانە بۆسەیان نابوویەوە و پەلاماری زەحمەتکێشانیان دەدا و بەنیازی تاڵانکردنی کەلوپەلەکانیان بوون کەوتنە بەر هێرشی پۆلێک لە هەڵۆکانی زاگرۆس کە لەو بەهاناوەچوونەی هەڵۆکاندا کاسبکار و زەحمەتکێشانی ناوچەکە لە کوشتن و تاڵانکردن ڕزگاریان بوو و ژمارەیەکی بەرچاو لە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیش بریندار بوون و بە پەڵەپڕووزە ناوچەکەیان چۆڵ کردووە.
لە دووهەمین ڕاگەیەندراویشیاندا هەڵۆکانی زاگرۆس ئاشکرایان کرد لە ئەنجامی ئەم ئۆپراسیۆنەدا چڵکاوخۆرێک بەناوی "ئارمان فەخری" کوژراوە و "لوقمان خیاڵی" و کەسێکی دیکە بە ناوی "مەنێشلوو" بریندار بوونە و بۆ نەخۆشخانەی سەلاحەدین ڕاگوێزراون.
لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەڵۆکانی زاگرۆس کە خۆیان بە پاڵپشتی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و پشتیوانی خەباتی ئەم گەلە دژ بە کۆماری ئیسلامی دەناسێنن چەندین دژەگەلی و بەکرێگیراوی سەر بە ڕێژیمی تارانیان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە سزای کردەوەکانیان گەیاندووە و ڕایانگەیاندووە

### درێژەی پەیڤ

دیاریکردنی چارەنووسی یەکسانیشیان دەبێ و قبووڵی واقیعیەتێک، تەحەمولی بەدواهاتەکانیشی تێدا وەدی دێ.
دە ڕێکخراو کە پێک دێن لە چەند حیزبی سەر بە نەتەوەی جیاواز، لە ئێراندا و چەند گرووپی دیکە کە خەڵکی غەیرە نەتەوە ستەملێکراوەکان و کەسانی فارسیان تێدایە، ڕێککەوتنێکیان ڕاگەیاندووە و پێم وایە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا، یەکەم جارە کە بەڕەسمی و ڕاگەیەندراو، لەلایەن گرووپی غەیرە نەتەوەبندەستەکانەوە دان بە فرەنەتەوەبوونی ئێراندا دەنرێ.
لەو لێکتێگەیشتنەدا بەڕوونی باسی یەکیەتیی ئازادانەی نەتەوەکانی فارس و کورد و تورک و بەلووچ و عەرەب و تورکمەن کراوە. کە ئەمە بۆ یەکەمجارە لە مێژووی نیزیکی ئێراندا، دان بەوەدا دەنرێ کە لە ئێراندا نەتەوەی ئێران نییە، بەڵکوو خەڵکی ئێرانن کە لە چەند نەتەوەی جیاواز و یەکسان بەناوی فارس و کورد و تورک و عەرەب و بەلووچ و تورکمەن پێک دێن.
ئەمە دانپێدانانە بە واقیعیەتێک کە دەبێتە نوختە وەرچەرخانێکی مێژوویی کە قبولکردنی یەکتری وەکوو پێکهاتە و ناسنامەی جیاواز و یەکسان، داهاتوو و دەرکەوتەی زۆر جیاوازتر لەوەی تا ئێستای بەدوادا دێ.

# نیەتی دوژمنکارانەی ئێران و پێویستیی ئامادەیی حیزبە کوردییەکان

د. محەممەد حوسێنزادە
و: جەماڵ ڕەسووڵدنخە

بەشی دووهەم و کۆتایی

هەڵبەت دەبێ بزانین کە ڕێژیمی ئێران لە ماوەی ڕابردوودا دژی حیزبە کوردییەکان ئەم کردەوانەی ئەنجام داوە و لە دۆخی ئێستاشدا کە نموونەی زۆری ئەنجام داوە، دووبارە ئەنجام دانەوەی ئەم کارانە لە ئارادایە. بە هەرحاڵ، ئەوان بەردەوام لە بەرانبەر کوردەکاندا باوەڕیان بەو شێوە کارەی خۆیان هێناوە کە باشترین بەرگری (لە هێزی داگیرکەرانەیان) هێرشێکی باشە. لەو ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە بەستێنسازیی ئێستا بۆ بەرگریی پێشگیرانە وەک ستراتیژییەک لەسەر بنەما و ئەندێشەی "زەربەی یەکەم" لە پەیکەرەی حیزبە کوردییەکان بگرنە بەر، کە هەڵبەت هەر کات ستراتیژیستە ئێرانییەکان بەو کۆبەندە بگەن کە قازانجەکانی ئەو کردەوەیە لەسەر تێچووەکانی هەڵدەسووڕێت، بێ گوێدان بە هیچ پێوەرێکی ئەخلاقی و یاسایی بەردەوام ئەم کارە دەکەن. ئەو کارەی ئەوانیش دەتوانێت دوو دەسکەوتی کاتی هەبێت، یەکەم: تێچوویەک کە ئێران لەو بارەیەوە دەیدات زۆر کەمتر لەو تێچوویە دەبێت کە بۆ بەرەنگاربوونەوە دژی پێشمەرگە لە شاخ دەبێ بیدات، دووهەم: ئەوەیکە بە زەربەلێدان لە کوردەکان باڵادەستیی خۆی بە دژبەرانی خۆی لە ناوچەدا پیشان دەدات و پێیان دەڵێت کە هێزێکی نیزامیی پوشتەوپەرداخی هەیە؛ بەڵام ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا ڕێگایەک بۆ هاوسەنگیی "نیەت و پاڵنەری دوژمنکارانەی ئێران هەیە؟ ئایا تەنیا ئەوەیکە حیزبە کوردییەکان خوازیاری دانوستان و نە شەڕی چەکداری بن یان ئەوەیکە چاوەڕێی گۆڕانکارییەکان لە نێوخۆ و لە لایەن کۆمەڵگای مەدەنی بن، دەتوانێت بەربەستێکی جیا لە نیەتی دوژمنکارانە و پاساوهێنانەوە بۆ کردەوەکانی ئێران بێت؟ بەڕاستی کە وڵامی هەر دوو پرسیار نەرێنییە. لە بەرانبەر نیەتی دوژمنکارانەی دوژمن زیاتر لە هەر شتێک، ئیرادەی بەرەنگاربوونەوە پیشان دەدات. ئەو ئیرادەیەش هەم لە "شاخ" و هەم لە "شار" دەبێ خۆی دەربخات. پێش ئەوەیکە لە بیری دانوستاندا بین دەبێ ئەوەندەمان هێز هەبێت کە بتوانین مانەوە و ئەمنییەتی خۆت بپارێزی و دواتر لە دانوستان و هەر ستراتیژییەکی دیکە قسان بکەی.

پێشتر باسمان لەوە کرد کە زۆربەی هەرە زۆری نیەت و پاڵنەرەکان، شکڵ و قاڵب بە کردەوە و ڕەفتارەکان دەدەن. لە دنیای سیاسەتدا بەم شێوەیەیە. باسمان کرد کە نیەتی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ کوردەکان هێرشبەرانە و هۆڤانەیە، بۆیە خەیاڵی کوردەکان و بە تایبەت ئەو حیزبانەی کە نوێنەرایەتی کوردەکانیان لە ئەستۆیە، هەرگیز نابێت لە بەرانبەر ئامانجەکانی ڕێژیمدا خەیاڵیان ئاسوودە بێت. ئەوان تەنانەت ئەگەر ڕوانگەگەلی شێوەی ئەوەیکە لەو نووسراوەدا هاتووە، زۆر بەدبینانە و یا بە ئەگەری ڕوودان، کەم شرۆڤە بکەن هێشتا نابێ ئەوا وێنا بکەین کە ئەگەری یەک کردەوەی نیزامی دژی ئەوان تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکان و لە خاکی وڵاتێکی دیکە بە دوور نییە. لە ڕاستیدا ئامانجی ڕێژیم ئەوە نەبووە و نییە کە حیزبە کوردییەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات پشت سنوورەکان ڕابگرێت هەتا جودایی و دووریی ئەوان لەگەڵ خەڵک زیاتر بێت. ئەگەرچی دەسپێڕاگەیشتن بەو ئامانجە لە نەفسی خۆیدا بۆ ڕێژیم شتێکی خۆشە بەڵام ئامانجی کۆتایی نییە. ئامانجی کۆتایی ئەوان لەناوبردنی هەر جۆرە هێزی بەرەنگاربوونەوە لە هەر شوێن و جێگایەکە جا چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە دابێت. لەو بارەیەشەوە چەندین جار بۆ حەزفی تێکۆشەران و خەباتکاران لە دەرەوەی ڕۆژهەڵات کاری کردووە و ئێستاکەش بە چڕی لەسەر ئەو خاڵە تەئکید دەکات و بێ ترس باس لەوە دەکات کە زەربەیەکی قورسیان لێ دەدات.

لە وەها فەزایەکەدا و بە نیەتی لەم چەشنە، کوردەکان و حیزبەکان ناچارن بیر لە "خراپترین حاڵەتی مومکین" بکەنەوە و ستراتیژیی خۆیان لەسەر ئەو لۆژیکە پیادە بکەن. بە تایبەت یەکەمین و گرینگترین ئامانجی حیزب دەبێت زەمانەتی بەقا و مانەوە و ئەمنییەتی خۆی و نەتەوەکەی بێت بەڵام ئەوان ئەرکیان ئەوەیە و پێویستە کە ئامانجی دیکە بۆ درێژماوە لەبەرچاو بگرن کەواتە گرینگترین ئامانجی ئەوان دەبێ پاراستنی مانەوە بێت، چونکە لە نەبوونی بەقا و مانەوە ئامانجی دیکە هیچ مانایەکی نییە. ئەزموونەکانی سەرتاسەری جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و خودی کوردەکان دەرخەری ئەوەیە کە عاقڵانەترین ستراتیژیی بەقا، بەهێزکردن و توانامەندکردنی "خۆت" بە هەر شێوەیەکە کە دەکرێت. ڕێگا و فۆرمۆلی دیکەش ئەگەری هەیە هەبێت بەڵام "پیشینەسازی قدرت" باشترین و ئەزموونکراوترینی ئەوانە و ئەوەش بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە کە هەمیشە دەسەڵاتداران و باڵادەستەکان شانسێکی زۆرتریان بۆ مانەوە هەیە. هەر ئەو بابەتە لەبارەی کوردەکان زیاتر لە هەموو شتێک خۆی دەردەخات و ڕاستە؛ چونکە سەرەڕای ئەوەیکە ئەو هەمووە جەنایەت و ژینوسایدە دژی ئەوان ئەنجام دراوە، هیچ کەس، هیچ دامەزراوە، هیچ ڕێکخراو و هیچ لایەنێک لە جیهاندا نەبووە کە بتوانێت یان تەنانەت ئیرادە بکات کە ئەمنییەتی ئەوان گارانتی بکات. ئەو ڕاستییە دەتوانێت هەم ڕەوایی و مەشروعییەت و هەم واقعبینانەبوون و هەم کارامەیی سیاسەتی وەک "ڕاسان" بە تایبەت بواری پێشمەرگانەی بسەلمێنێت. قسەکە ڕوونە: "لە جێگایەک کە مانەوە و بەقا لەژێر هەڕەشەی لەناوچوون و مەترسی ئینکار دابێت، هەر کار و کردەوەیەک ڕەوا و مەشروعە. بۆ پاراستنی خۆت و نەتەوەکەت، گەڵاڵە و داڕشتنی هەر سیاسەتێک قەبووڵە. ئەو ئوسوولەش فەرقی پێ ناکرێت: خەڵکی دیکە هەموو ئەوەی دەکەن و ئێمەش ناچارین دەبێ ئەوە بکەین.

ئامادەیی نیزامی و هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی هێزی بەرگری تەنانەت ئەگەر نەڵێین زیاتر لە هەر سیاسەتێکی دیکە، لانیکەم لە تەنیشت و هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتەکانی دیکە پێویستییەکە بۆ سیاسەتی حیزبە کوردییەکان. دەپرسن بۆ؟ دەڵێین بەو هۆکارە کە ماهییەت و خوی پێوەندیی کوردەکان و دەوڵەتی ناوەندیی ئێران لە ڕابردوو و ئێستادا بەردەوام توانایی شەڕ و ململانێی هەبووە و هیچ نیشانەیەک بوونی نییە کە لە داهاتووشدا وا نەبێت. بە پشتبەستن بەو ڕاستییە، کوردەکان و حیزبە کوردییەکان دەبێ بۆ بەهێزکردنی خۆیان و ئامادەیی لە بەرانبەر هەر جۆرە ئەگەرێک و سێناریۆیەکدا لە هەموو سەرچاوە سرووشتییەکان و دەفرایەتییەکانی خۆیان بە مەبەستی "بیشینەسازی قدرت" کەڵک وەربگرن. قسە و لێدوانی شاعیرانەی ئیدەئالیستە سیاسییەکان لەبارەی کۆتایی هاتن بە دەورەی چەک و پێشمەرگە شایانی ئەوە نییە باسی لێوە بکرێت. لە بەرانبەر ئەواندا کە باشترین سیاسەت بە "باشترین بەرگری، هێرشە" دەزانن، قسە لەسەر ئەوەیکە دەورەی چەک و پێشمەرگە کۆتایی پێهاتووە، ئەفسانەیەک زیاتر نییە. بۆیە "نەترسان" و "پێشوازی"ـی ڕێژیمی ئێران لە چەکی کوردی و خۆشحاڵیی ڕێژیمی ئێران لە حەرەکەتی نیزامیی کوردەکان درۆیەک زیاتر نییە. هیچ داگیرکەرێک لە خۆڕاگریی خەڵکی ژێردەستی خۆیدا، ئەویش بە شێوەی نیزامیی خۆشحاڵ نییە. بە تایبەت ئەگەر ئەو حەرەکەتە مەشروعیەتی بەرگریانەی پەیدا کردبێت. بێ گومان ڕێژیمی ئێران لە گولـلەی ئامانجدار دەترسێت. ئەوەیکە ئەوان لێی ناترسێن و ئەوان شاد دەکات، سیاسەتی بێ ئامانجی حیزبە کوردییەکانە. دەرکی ئەو خاڵە ئەوەندەش دژوار نییە. تەنیا جێگای خۆیەتی چاو لەوە بکەن کە دوژمنان چ هەوڵێک بۆ شکستی ئەو شێوەیە و بێدەنگکردنی چەکی کوردی بەکار دێنن. ئەوە خۆی پیشان دەدات کە ڕێژیمی ئێران لە بەرزبوونەوەی هێز بە هەر شێوازێک کە بێت، دەترسێت و تەنیا هێزە کە دەتوانێت حەزی ئەو ڕێژیمە بۆ ئەنجامدانی جەنایەت هاوسەنگ بکات. هەرچی هێزی ئاگر زیاتر بێت، ترسێکی زیاتر لە دڵیدا دەمێنێتەوە. لەو ڕوویەوە تەنیا یەک ئەکتەری نەزان دەرفەتە باش و لە دەستەکان بۆ "بیشینەسازی قدرت" لە دەست دەدات و چاوەڕێی گۆڕانی نیەت، گۆڕانی گوتار و گۆڕانی ڕەفتار دادەنیشێت.

ڕێڕەوی ڕووداوەکان هەرچی بێت، چ حیزبەکان خێرا بکەونە بەر هێرش یان نا، چ ئێران لەگەڵ ئامریکا بسازێت یان نا، لە کۆتاییدا ئەوەیکە حیزبە کوردییەکان لە دۆخێکی باشتردا جێگیر دەکات، پێگەی باڵای ئەوان لە بواری هێز لەبەردەست و ئامادەتر بۆ بەکارهێنان دەبێت. لەو ڕوانگەیەوە هەوڵدان بۆ زیاترکردنی دەسەڵاتی ستراتیژی پێویستە و کوردەکان مەحکووم بەوەن کە هەتا دەتوانن هێز کۆ بکەنەوە. لانیکەم ئەوەندە بێت کە دژبەران بۆ لەناوبردنی کوردەکان حەز و مەیلی خۆیان پیشان بدەن. کوردەکانیش دەبێت حەزیان لە "بیشینەسازی قدرت" هەبێت. سیاسەتێک کە لە ئێراندا چاوی لێ دەکەین لانیکەم هەتا داهاتوویەک کە پێشبینی دەکرێت لە چوارچێوەی فەرزە ڕیئالیستییەکاندا دەسووڕێتەوە و بێ گومان هەرچی هێزی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی زیاتر بێت، لە هێزی ئەمنییەتیی کوردەکان کەمتر دەبێتەوە. تەنیا ڕێگاچارەی گەڕانەوە بۆ توانییەکانی خۆمان و کەڵکوەرگرتن لەوانە. لەوانەیە "ڕاسان" ئیبتکار و هەنگاوێکی سەرەتایی باش لەو بوارەدا بێت و بەهێزکردنی هەرچی زیاتری ئەوان دەتوانێت لایەنی بەرانبەر ناچار بکات کە بیر لەوە بکاتەوە "عەمەلیاتی پێشگیرانەی بێ ترس لە قەرەبووکردنەوە" و بە قسەی خۆیان سیاسەتی "لێدەو هەڵێ" (بزن و در رو) ئاکامێکی دژواری هەیە.

# قۆناخی پاش کۆماری ئیسلامی و پێویستیی یەکڕیزیی نەتەوەیی




عەلی سۆرانی

هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گوشارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاد دەبن و ئەگەری زۆرە ئەم گوشارە هەمەلایەنە ببێتە هۆی هەرەسهێنان و کۆتایی تەمەنی ئەم ڕێژیمە یاخییە.

دەسپێکردنەوەی گەمارۆ ئابووری و سیاسییەکان و هەروەها سەرهەڵدانی نارەزایەتییە گشتییەکان لە نێوخۆی ئێران لە لایەک و ناکۆکی نێوان باڵە گەندەڵەکانی ئەم سیستمە سەرەڕۆیە لە لایەکی دیکەوە، هێمایەکی ڕوونن بۆ ئەگەری نەمانی ئەم پێکهاتە تێرۆریستییە. ئاکارێک کە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری بەرپرسانی ڕێژیم زیاتر لە جاران زەق دەبێتەوە و زەنگی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە جاران دەنگەکەی بەهێزە. هەڵبەت بە هەمان ئەندازە کە زەنگی ڕووخانی ڕێژیم بڵیندە، زەنگی مەترسی داپڵۆسین و دەستبەسەرداگرتنی ئێران لە لایەن شۆڤینییەکانەوە بە چەپ و ڕاست و پاشایەتیخوازەوە، زیاتر لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە پەنجاوحەوتدا بەهێز و بڵیندترە.

هەرچەند تا ئێستاش هیچ ڕێکخراوێکی تۆکمە وەک ئاڵترناتیڤی ئەم ڕێژیمە بوونی نییە و ئۆپۆزێسیۆنی ڕێژیم زۆر پەرتەوازە و لاوازن بەڵام ئاماژەکان هێما بۆ ئەوە دەکەن لە ئەگەری یەکنەبوونی هێزە ڕاستەقینە شۆڕشگێڕەکان هیچ دوور نییە وەک پێشبینییەکەی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو پاش دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی نیمچە دیکتاتۆرییەکی دیکە بێتە سەر کار و جارێکی دیکە خەون و ئاواتەکانی نەتەوە بەشخوراوەکانی جوگرافیای ئێران بکاتە بڵقی سەرئاو.

ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەم بابەتە ئەمەیە، گەلۆ پاش نەمان یاخود ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، کورد وەک سەرەکیترین نەتەوەی بەشخوراوی ئەم جوگرافیا بە ئامانجەکانی دەگات؟ گەلۆ دیسان وەک شۆڕشی پەنجاوحەوت خەون و ئاواتەکانی ئەم نەتەوە لە ژێر پۆتینەکانی سوپای حکوومەتی ناوەندیدا پێشێل ناکرێ؟

ڕاستییەکەی بە سەرنجدان بە ڕووداوەکانی پاش شۆڕشی پەنجاوحەوت و نایەکرێزی و ناتەبایی هێزە بەرهەڵستکارەکانی ڕێژیمی پاشایەتی و بەداخەوە شەڕی ماڵوێرانکەر و دوژمنپێخۆشکەری نێوخۆیی و دەستێوەردان و دنەدانی هێزە سەرانسەرییەکان لە کاروباری نێوخۆیی کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە ئێستاشدا ناکۆکی و ناتەبایی نێو هێزە کوردییەکان، هیچ دوور نییە ئەمجارەشیان مێژوو بە شێواز و ڕواڵەتێکی دیکە دووبارە ببێتەوە. بە تایبەتی پاش ئەو هەموو جیابوونەوە و لێکترازانانەی نێو حیزبە کوردییەکان و لە هەمان کاتدا نەبوونی جێگرەوە و پلاتفۆرمێکی هاوبەش، مەترسیی دووبارەبوونەوەی شکستی کورد زیاتر لە هەر بڕگەیەکی زەمەنی خۆی دەنوێنێ. ئەمە لە کاتێکدا گرینگی زیاتر پەیدا دەکات کە هەر ئێستاش لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان نەبوونی یەکڕیزی و یەکگوتاری زیاتر لە هەموو قۆناخێ هێزی کوردی لاواز و بەداخەوە لە پەراوێزی خستووە. ڕووداوەکانی شازدەی ئۆکتۆبر و سەرەڕۆییەکانی هێزێکی کوردی لە کوردستانی ڕۆژئاوا هەموویان بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن کە کورد بەردەوام زەمینەی لێکترازان و لەدەستدانی دەسکەوتەکانی هەیە.

بەداخەوە دەبێ دان بەوەدا بنێین کە کورد بۆ خۆی نەبێ بەردەوام تەنازولی بۆ هەمووان کردووە و ئەمە خاڵی جەوهەری و لاوازیی گوتاری نایەکگرتوویی کوردە لە سەدەی هاوچەرخ و تەنانەت ڕابردووشدا. لەهەر سەردەم و قۆناخێکدا کە کورد تەبا و یەکهەڵویست بووە، بە باشی توانیویەتی پێداگری لەسەر مافەکانی خۆی بکات و بە بەشێکی بەرچاو لە ئامانجەکانی بگات، بەڵام هەر کات نێو ماڵی کورد ناتەبا و نایەکگرتوو بووە، ئەوە دوژمن بووە کە توانیویەتی پاشەکشە بە هێزی کورد بکات و ویست و داخوازییەکانی خۆی بەسەر کورددا بسەپێنێ و لەم پێناوەشدا لە هیچ فرت و فێڵ و پیلان و تاوانێ خۆی نەبواردووە.

لە ئێستادا جگە لە ڕێکخراوی موجاهێدینی خەلق کە ئەویش سی و پێنج ساڵ لەمەوپێش دانی بە مافی خودموختاری بۆ کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات داناوە و بە ڕوونی هەڵویستی ئەمڕۆی دیار نییە، هیچ هێز و لایەنێکی فارسی ئێران بە فەرمی و نیمچەفەرمی و تەنانەت نافەرمیش مافی نەتەوایەتیان بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکە قبووڵ نەکردووە.

لێرەدایە پێویستیی یەکگرتووی و یەکگوتاریی ڕاستەقینەی هێزە کوردییەکان و هاوئاهەنگی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی جوگرافیای ئێران زەروورەتێکی حاشاهەڵنەگرە، هەر بۆیە چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ لێکنزیکبوونەوە و هاوهەڵوێستیی ڕاستەقینە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و هەروەها هێزەکانی ئۆپۆزێسیۆنی ناوەندیخواز و هاوئاهەنگی و هاوکاری ڕاستەقینە و فرمووڵە کردنی ویست و داخوازییەکانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەم لە پانتای نێوخۆیی و هەروەها لە گۆڕەپانی سیاسەتی دەرەکی و ڕاکێشانی پشتیوانیی نێونەتەوەیی بە لەبەرچاوگرتنی پلاتفۆرمێکی هاوبەش کە کورد و هێزە شۆڕشگێڕەکەی وەک ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێز بۆ قۆناخی پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی پێناسە بکات بەبێ هیچ گومانێ دەتوانێ بەشێوەیەکی کردەکی پێش بە دووبارەبوونەوەی هەڵەکانی ڕابردوو بگرێت و ڕێگە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەمان خۆش بکات.

لەم قۆناخەدایە کە ناوەندی هاوکاری هێزە سیاسییەکانی کورد بە هاوکاری و هاوئاهەنگی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ دەتوانێ دەورێکی کاریگەر و شوێندانەری هەبێت و بەهێزکردنی ئەم ناوەندە و ناساندنی هەرچی زیاتری بە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و پیشاندانی ڕاستەقینەی یەکگرتوویی و یەکگوتاری کورد دەتوانێ سەنگی کورد لە هاوکێشە و پێشهاتە سیاسییەکانی داهاتوو و بەتایبەتی قۆناخی نەمان و ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، زیاتر لە هەر قۆناخ و سەردەمێکی دیکە قورستر و بەهێزتر بکات.

# جارێکی دیکە «نەرمینواندی قارەمانانە»؟



د. ئیدریس ئەحمەدی

ڕەنگبێ لە هیچ قۆناغێکی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا، بە ئەندازەی ئێستا کات، فاکتەرێکی گرنگ نەبووبێت. ئەمەش لە چەند ڕوویەکەوە خۆی دەنوێنێ.

ڕوون نییە ئایا ئیدارەی ترامپ دوو ساڵی دیکە بۆ دەورەی دووهەم هەڵدەبژێردرێتەوە یان نا. ئیدارەی ناوبراو قورسایی خستووەتە سەر گەمارۆی ئابووری وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی لە ئاست سیاسەتی دەرەوەدا. ئامانجی دەربڕاوی ئیدارەی ترامپ لەهەمبەر ئێران، گەڕاندنەوەی کۆماری ئیسلامییە بۆ سەر مێزی دانوستاندن بەمەبەستی بەستنی ڕێککەوتنێکی نوێ و بەرینتر لە ڕێککەوتنی ناوکی ساڵی ٢٠١٥.

هەڵبەت ئەمە لە کاتێکدایە کە، بۆشایی نێوان هەر دوو حیزبی دێموکرات و کۆماریخواز لە ئەمریکا، قووڵ بووەتەوە. وەدەستهێنانی زۆرینەی کورسییەکان لە کۆنگرێس لەلایەن دێموکراتەکانەوە لە هەڵبژاردنی کۆنگرێسدا، فاکتەرێکی دیکەیە کە ناڕوونی زۆرتری سەبارەت بە داهاتووی ئیدارەی ترامپ درووست کردووە.

لەلایەکی دیکەوە، بۆشایی نێوان ئەمریکا و ئەورووپا هیچ کات وەکوو ئێستا بەرچاو نەبووە، تەنانەت وەکوو کاتی ڕووخاندنی حکومەتی بەعس لەلایەن ئەمریکاوە نییە، چوونکە ئەوکات، سەرەڕای ناڕەزایەتی بەرین و توندی وڵاتانی ئەورووپایی، بریتانیا و هێندێک وڵاتی دیکە پاڵپشتی ئەمریکا بوون. لەلایەکی دیکەوە، ڕووسییە و چین پێگەیان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەهێزتر بووە و تواناییان زۆرترە بۆ پێکهێنانی لەمپەڕ لەبەردەم ئەمریکا. لە ڕۆژهەڵاتی ناوینیش، دراوسێکانی ئێران دەتوانن یارمەتی بدەن بۆ خۆدزینەوە لە گەمارۆی ئەمریکا.

سەپاندنەوەی گەمارۆ بە سەر ئێران لە هاوینەوە تاکوو ئێستا دوو قۆناغی تێپەڕاندووە. بارودۆخی خراپی ئابووریی ئێران لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی چەوت و گەندەڵی بەربڵاوی ڕێژیم، نەک گەمارۆی ئەمریکا. هەڵبەت ئەو گامارۆیانە دەتوانن گرفتی ئابووریی ئێران قووڵتر بکەنەوە.

کۆماری ئیسلامی تاکوو ئێستا ملی بۆ داخوازییەکانی ئەمریکا کەچ نەکردووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند فەرزێک: یەکەم، ئەگەری ئەوەی ترامپ لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری ساڵی ٢٠٢٠دا سەرکەوتن بەدەست نەهێنێ؛ دووهەم، قووڵبوونەوەی پتری بۆشایی نێوان ئەمریکا و ئەورووپا و یارمەتییەک کە ئەورووپا بتوانێ بە ئێرانی بدا بۆ خۆدزینەوە لە گەمارۆکان؛ سێهەم، ئامادەبوونی وڵاتانی دراوسێ، بە تایبەت عێراق و تورکییە، بۆ یارمەتیکردنی ڕێژیم بەمەبەستی دەوردانەوەی گەمارۆکان؛ چوارەم، تەحەمولکردنی ئەو گەمارۆیانە لەلایەن دانیشتووانی ئێرانەوە تاکوو ئەو کاتەی ئیدارەی ترامپ کۆشکی سپی بەجێ دەهێڵێ.

سەبارەت بە سەرکەوتنی گەمارۆی ئابووری، بۆچوونی جیاواز هەیە. لە هێندێک کەیسدا سەپاندنی گەمارۆ بەسەر وڵاتێک یان ڕێژیمێکدا سەرکوتوو بووە، لە هێندێک کەیسی دیکەدا سەرکەوتوو نەبووە.

بۆ نموونە، گەمارۆی ئابووری لە سەر ڕێژیمی ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوور سەرکەتوو بوو بەو مانایەی دواجار ئەو ڕێژیمە ناچار بوو بە هەڵوەشاندنەوە، بەڵام زیاتر لە پەنجا ساڵ گەمارۆی ئەمریکا بەسەر کوبا، سەرکەتوو نەبوو لە ڕووخاندنی ڕێژیمی کاسترۆ. لەلایەکی دیکەوە، گەمارۆی گشتگیر و سەختی ئەمریکا بە سەر عێراق لە ساڵی ١٩٩٠ تاکوو ٢٠٠٣، سەرکەتوو بوو لە داماڵینی حکوومەتی بەعس لە چەکی کۆمەڵکوژ، بەڵام ڕێژیمی سەدامی نەڕووخاند، بەڵکوو سەرەڕای لاوازبوونی، ڕێژیمی بەعس ئەوەندەی داهات و هێزی داپڵۆسێنەر لەبەردەستدا مابوو تاکوو بتوانێ درێژە بدا بە خۆسەپاندن بەسەر عێراقدا.

وێدەچێ ئەگەر ئامانجی سیاسی لە سەپاندنی گەمارۆی ئابووری سنووردار بێ، ئەگەری سەرکەوتنی زۆرتر دەبێ؛ بۆ نموونە، ئەگەر ئامانج ئەوە بێ ڕێژیمێک ناچار بکرێ پێداچوونەوە بە سیاسەتی خۆی لە بوارێکی دیاریکراودا بکا، ئەگەری سەرکەوتنی گەمارۆی ئابووری زۆرترە، تاکوو ئەوەی ئامانجی گشتگیرتر بێ، یان با بڵێین کۆی ڕێژیم بکات بە ئامانج. هەروەها ئەگەر پشتیوانی بەرینی نێودەوڵەتی هەبێ بۆ سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەسەر وڵاتێکدا، ئەگەری سەرکەوتنی زیاترە.

هێندێک لێکۆڵەر تێبینی ئەویان کردووە ئەگەر ماوەی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری دووروودرێژ بێ، بە پێی زەمەن کاریگەرییان کەمتر دەبێتەوە، ئەویش لەبەر دوو هۆ؛ یەکەم، ئەو ڕێژیمەی گەمارۆی بەسەردا دەسەپێندرێ، بەرە بەرە فێر دەبێ چۆن خۆی لە گەمارۆکان بدزێتەوە؛ دووهەم، بەدرێژەکێشانی ماوەی گەمارۆکان، بەرە بەرە پشتیوانی نێودەوڵەتی لێیان کەم دەبێتەوە.

کەوابوو، سەبارەت بە ئەگەری سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی گەمارۆی ئابووری، لەبەرچاوگرتنی ئەو فاکتەرانە گرنگە. بێ گومان، لە کەیسی ئێراندا، گرنگە چەند فاکتەرێکی دیکەش لەبەرچاو بگیردرێن.

داخوازی ئیدارەی ئۆباما لە ئێران سنووردار بوو بە ڕێککەوتن لە سەر بەرنامەی ناوکی. ئەو گەمارۆیانەی ئەمریکا لە کۆنسەی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان سەپاندی بە سەر ئێراندا، پشتیوانی بەرینی نێودەوڵتییان لێ کرا. ڕووسییە و چین هیچکامیان نایانهەوێ ئێران ببێ بە خاوەن چەکی ناوکی، بۆیە ئەوانیش لەو ڕووەوە بەرژەوەندییان لە گەڵ ڕۆژئاوا جووت بوو. کۆی ئەمانە وایان کرد خامنەیی ئامادە بێ بۆ نواندنی "نەرمی قارەمانانە".

هەڵبەت وێڕای سنووورداربوونی ئامانجی گەمارۆکان، بێ گومان ئەو ڕێککەوتنە لە زۆر ڕووەوە لە بەرژەوەندی ئێراندا بوو. ڕۆژئاوا دواجار هەبوونی بەرنامەیەکی ناوکی خۆماڵی لە ئێران پەسەند کرد و چاوەدێری ئەو بەرنامەیە لە هێندێک ڕووەوە سنووری زەمەنی بۆ دانرا، لە کاتێکدا ئیدارەی بووش ئامادە نەبوو ئەو کارە بکا. لەلایەکی دیکەوە، هەڵگرتنی گەمارۆکان و کردنەوەی دەرگا بۆ وەبەرهێنانی بینای لە ئابووری ئێراندا، قازانجی بەرچاوی بۆ ئێران بوو، هەرچەند گرفتی پێکهاتەیی ئابووریی ئێران وێڕای گەندەڵی بەربڵاو و نفوزی سپای پاسداران لە ئابووری ئێراندا، ڕێگر بوون لەوەی ئێران سوودی تەواو لە هەڵگرتنی گەمارۆکان وەرگرێ. ئیدارەی ئۆباما هەروەها پارەیەکی زۆری نایە ئیختیاری ڕێژیمی ئیسلامی لە تاران. ئەمانە، وێڕای شەڕ و ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، وای کرد ئێران ئەوەندەی دیکە بتوانێ لە ناوچەکەدا پەلوپۆ بهاوێت و نفوزی خۆی زیاد بکا.

ئەگەر ئیدارەی بووش بە ڕووخاندنی حکومەتی تاڵەبان و بەعس پارسەنگی هێزی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە قازانجی ئێران شکاندەوە، ئیدارەی ئۆباما بە ڕێککەوتنی ناوکی یارمەتیدەری ڕاستەوخۆی بەهێزتربوونی ئێران بوو لە ناوچەکەدا. ئەم بارودۆخە، وێڕای سەرنەکەوتنی ئیسرائیل و سعودییە لە بەرپەرچدانەوەی ئێران، دواجار وای کرد ئیدارەی ترامپ لە ڕێککەوتنی ناوکی بێتە دەرێ بۆ ئەوەی بتوانێ گەمارۆی ئابووری بەسەر ئێراندا بسەپێنێتەوە و لەو ڕێگاوە، بەشکوو بتوانێ کۆماری ئیسلامی ناچار بکا بە دانووستاندن لەسەر ڕێککەوتنێکی نوێ.

هەڵبەت خاڵی جێگای سرنج لەبەر تیشکی ئەو باسەی کە پێشتر سەبارەت بە ئەگەری سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی گەمارۆی ئابووری کرا، ئەوەیە کە داخوازی ئیدارەی ترامپ لە ئێران بەرینترە لە داخوازی ئیدارەی پێشوو. ڕاستییەکەی، ئیدارەی ترامپ لە گەڵ ئەوەی بە ڕوونی دەڵێ ئامانجی "گۆڕینی ڕێژیم" نییە، بەڵام ئەگەر کۆماری ئیسلامی مل بەو داخوازییانەی ئەمریکا بدا، کە خاڵگەلێک وەک بەرنامەی مووشەکی و دەستێوەردان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و پشتیوانیکردنی تێرۆریزم لەلایەن ئێرانەوە لە خۆ دەگرێ، ئەوجا کۆماری ئیسلامی لە کردەوەدا دەبێ بە ڕێژیمێکی تەواو جیاواز لەوەی کە هەیە. ڕاستییەکەی، لە نێوخۆدا کۆماری ئیسلامی هەر ستەمکار دەمێنێتەوە، بەڵام لە ئاست سیاسەتی دەرەوەدا، دەگۆڕدرێ بە ڕێژیمێکی تەواو جیاواز.

ملنەدانی خامنەیی بۆ داخوازییەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵە گرنگە وێڕای خوێندنەوەیەک کە ڕێژیم کردوویەتی بۆ مەسەلەی کات لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتی نێوخۆیی ئەمریکا وێڕای بارودۆخی نێونەتەوەیی، کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێ درا.

هەڵبەت هەر لە ئێستاوە دەرکەوتووە کە وڵاتانی ئەورووپی لە کردەوەدا ناتوانن یارمەتیدەری کۆماری ئیسلامی بن، چوونکە ئەو کۆمپانیانەی کە بەرژەوەندییان لە ئێراندا هەیە، ناچارن بازاڕی بەرین و پڕبەهرەی ئەمریکا بۆ بازاڕی پڕ لەمەترسی و بچووکی ئێران لەدەست بدەن. بێ گومان ئامادە نین بۆ درێژەدان بە پەیوەندی تیجاری لەگەڵ ئێران، بازاڕی ئەمریکا لەدەست بدەن یان ئەوەی ڕووبەڕووی گەمارۆی ئەمریکا ببنەوە.

دەمێنێتەوە سەر نەوتی ئێران؛ لێرەدا ئەمریکا ڕێگای بە چەند وڵاتێک داوە کە درێژە بە کڕینی نەوتی ئێران بدەن، ئەویش وێدەچێ بگەڕێتەوە بۆ نیگەرانی ئەمریکا لە چوونەسەرەوەی نرخی نەوت.

کۆماری ئیسلامی فاکتەری کات بە قازانجی خۆی دەخوێنێتەوە، بۆیە ئامادە نییە مل بدا بۆ ئەمریکا یان با بڵێین، دیسان دەست بەرێ بۆ بژاردەی "نەرمینواندنی قارەمانانە". بەڵام لایەنێکی دیکەی کات هەیە زۆرتر بەندە بە بارودۆخی نێوخۆیی ئێرانەوە، ئەویش بارودۆخێکە کە زەمینەی شۆڕشی تێدایە، یان لانیکەم ڕادیکالیزەبوون و بەرینتربوونەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری لەخۆ دەگرێ، ئەویش لە زستانی ساڵی پێشووەوە نیشانەکانی بەڕوونی دەرکەوتوون.

پرسیارێک کە جیگای تێڕامانە ئەویە کە ئایا دەکرێ کۆماری ئیسلامی وەکوو عێراقی سەردەمی بەعس، کوبا یان کۆرەی باکوور ڕووبەڕووی ئەم هەموو قەیرانانە ببێتەوە؟ ژمارەی دانیشتوانی هیچکام لەو وڵاتانە بە ئەندازەی ئێران نین. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئێران ئامانجی دروستکردنی ئیمپراتۆرییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین. ڕێژیمێک کە تەنیا ئەولەویەتی مانەوە لە دەسەڵات لە نێوخۆ نییە، بەڵکوو ئامانجی دروستکردنی ئیمپراتۆرییە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی، دەتوانێ ڕێگەی عێراقی سەردەمی بەعس، کوبا و کۆرەی باکوور بگرێتە بەر؟

تاکوو مەسەلەی هەڵبژاردنەوەی ترامپ وێڕای لەبار یان لەبارنەبوونی دەرفەت بۆ خۆدزینەوە لە گەمارۆکان ڕوون نەبێتەوە، وێناچێ خامنەیی مل بدا بۆ داخوازییەکانی ئەمریکا.

# حیزبی دێموکرات
# دەرفەتێک بۆ خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی کورد




ئەلبۆرز ڕۆژهەڵاتی

ناسیۆنالیزم وەک چەمکێکی مێژووی هاوچەرخ بەشێکی بەرچاوی باس و خواستەکانی سیاسەتی بە خۆوە سەرقاڵ کردووە. وەک بنەمای پێکهاتنی زۆرێک لە دەوڵەت نەتەوەکانی ئەمڕۆ، ئێستاش لە ڕۆژەڤی سیاسی زۆر نەتەوەدایە. هەندێ جار پێناسە و ڕەهەندی ڕادیکاڵی بۆ کراوە و کارەساتی بەدوادا هاتووە، هەندێک جاریش وەک هەستێکی غەریزی مرۆڤ سەیر کراوە و بە خۆشەویستی بۆ نەتەوە پێناسە کراوە و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەیکە خەباتی نەتەوەیی بکات بۆ ئەوەی ویستەکانی نەتەوەکەی لەوانە و گرینگترینان ئازادی و سەربەستی و لابردنی ستەم بەدی بێنێ.
کوردیش وەک نەتەوەیەک لە کوردستان بە دەر نەبووە لەو مێژووە ئاڵۆز و پڕ لە ناکۆکییە چ لە سەردەمی دابەشبوونی بە سەر سەفەوی و عوسمانی، چ دواتر لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی و دروست کردنی دەوڵەتی نوێ لە ناوچەدا بەردەوام وەک نەتەوەیەک بە دوای قەوارەیەک بۆ پێشگیری لە ستەم و هەروەها سەربەست بوون لە خەبات و قوربانیدان بووە.
یەکێک لە هۆکارەکانی شەڕ و ئاڵۆزی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست نەبوونی دەوڵەت نەتەوەیە بۆ کورد و هەروەها سەپاندنی ستەم و سەرکوت کردنی کوردە بە بیانوی ئەوەی داخوازی نەتەوەیی هەیە و داوای پێکهێنانی قەوارەیەک دەکات تا لە ستەم و ژێردەستی ڕزگاری بێت.
هەر چەند ڕەگ و ڕیشەی ئەو بابەتە لە دڵی مێژووی کۆندا و ڕووخانی ئیمپراتۆری ماد و میدیا هەیە، بەڵام ئەگەر هەر لە دوای شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهرییەوە سەیر بکەین کە لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی گەورەکانی کورددا ڕایگەیاند و داوای پێکهێنانی ئەو قەوارەی کرد کە کورد لە ستەم ڕزگار بکات هەر یەک لە شۆڕشەکانی دواتریش و لە دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و چالاکی بەرینی پێشمەرگە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و خەباتی ئێستامان کە بە ڕاسان ناونراوە لەو پێناوەدا خەباتی بۆکراوە و قوربانی فراوانی بۆ دراوە کە لە جەوهەردا بەشێک لە خەباتی نەتەوەی کورد بۆ ڕزگاری بووە.
پرسیاری بۆچی لەو شۆڕشانەدا سەرنەکەوتووین هەر وەک ڕەهەندی نێوخۆیی، ڕەهەندی ناوچەیی و ژێئۆپۆلیتیکی ناوچە و سیاسەتی زلهێزان و زۆر فاکتەری دیکە کاریگەرییان هەبووە کە جێگای باسی ئێمە نییە، بەڵام پرسیاری ئایا بزوتنەوەکەمان ئێستاش بە هەمان ماکەی نەتەوایەتییەوە بەردەوامە؟ جێگای هەڵوێستە لە سەر کردنە!
بە تایبەتی کە دەنگی گەڕانەوە بۆ هێڵە نەتەوەییەکان دەبیسترێ، دەنگی ئیتر ڕێکخراوەی حیزب ناتوانێ ئەو دەنگە نەتەوەییە بێت و بەرژەوەندی تاکەکەسی لە چوارچێوەی حیزبدا لە سەرووی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان خۆی دەنوێنێ کەواتە دەبێ لە ڕێکخراوە دوور بکەوینەوە دەگوترێتەوە.
باس لەوە نییە کە چەند ئەو دەنگە لۆژیکییە، چونکە لە دونیای پۆپۆلیستی کە کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆرە و قارەمانەکانی وەک ڕزگاریدەر وێنا دەکەن گشتگیر بوون یان بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگە بە مانای لۆژیک بوونی ئەو بابەتە نییە، بۆیە بۆ ئێمەومانان کە لە چوارچێوەی حیزبدا خەبات و تێکۆشانی خۆمان بەردەوام دەکەین پێویستە وەڵامان هەبێت بۆ ئەو بابەتە، وەڵامێک کە تەنیا قەڵغانی بەرگری پێ نەبێت بەڵکوو بە دیتنی ڕاستییەکان دەبێ وەڵامێکی لۆژیکیمان بۆ پرسیارگەلێکی وەها کە هەندێک جار لە ڕووی خەسارناسی زانستی و دڵسۆزی دەکرێت و هەندێک جاریش نیازی تایبەت لە ڕێگەی کاناڵی دیاریکراو لە شەقامی کوردی بڵاو دەکرێتەوە، هەبێ.
بە تایبەتی کە فەلسەفەی هەبوونی ئێمە خزمەت کردن بە نەتەوەیە، چونکە هەر لە سەرەتاوە دروست کردنی کۆمەڵێکی نەتەوەیی نهێنی وەک کۆمەڵەی ژێکاف لە سەر خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە نسکۆی شۆڕشەکانی بەر لەخۆی بوو، حیزبی دێموکرات بە پێشەوایەتی زانا و ڕۆشنبیری سەردەم قازی محەممەد ڕووی بە جەماوەری کردنی ئەو کۆمەڵەیە نەتەوەییە بوو.
لەو ساتە بە دواوە تا ئێستا ئەو حیزبە لە هەموو سەردەمەکان سەرەڕای کەموکوڕی و خەسارەکان لاواز بووبێ یان بەهێز، داینەمۆی جووڵەی شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، ئەوەی ئێمە بە ناوی کوردایەتی شرۆڤەی بۆ دەکەین و فورمولە کردنی داخواز و ماف و ویستی نەتەوەی کورد لە کوردستان لە خۆ دەگرێت بەشێکی بەرچاوی لە ڕێگەی حیزبی دێموکراتەوە بووە هەر بۆیەش خەبات لە ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمان خەبات بۆ ماف و ویستی نەتەوەی کورد بووە و کوردایەتیش چونکە بە شێوەیەکی ڕەوا و ئەخلاقی دەکرێت و لە نەتیجەدا دەبێتە هۆی بەدیهێنانی نرخی گەردوونی و مافی نەتەوەیەکی ستەملێکراو کەواتە خەباتی ئێمە خەباتێکی مرۆڤایەتییە، هەروەک خەباتی گاندی و ماندێلا کە بوونە هۆکاری بەدیهاتنی ژیانێکی کامەران بۆ نەتەوەکانیان.
پێم وایە بە هەبوونی کارنامەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و بەڕێوەبەری کاتی سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەرگری قارەمانانە لە سەردەمی جیاوازدا سەلماندنی ئەو ڕاستییەی سەرەوە ئەستەم نەبێت.
بۆ ئەوەی تەنیا خۆمان بە مێژوو هەڵنەواسین و سەیری ئەمڕۆ بکەین دەبینن ڕاسان گەورەترین بەڵگەی دینامیکبوونی حیزبی دێموکرات دوای حەوت دەیە لە خەبات و تێکۆشان لە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدایە، چونکە بە هەمان جەوهەر بۆ بەرەنگاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادەیی پێشمەرگەی لە ئەستۆ گرتووە و شەقامی کوردی دژی ڕێژیمێکی تیرۆریستی دەجووڵێنێ.
لە بنەمای فەلسەفەی ڕاسانی گەلدا هاتووە لە بەر ئەوەی زوڵم و زۆرییەکان بەردەوامە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر ڕۆژ زیاتر سیاسەتی سەرکوت و دژایەتی و داگیرکاری خۆی لە کوردستان بەردەوام دەکات و کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی ناچارە لە بەرانبەر دوژمندا هەستێتەوە؛ نرخی ئەو هەستانەوە کە شۆڕشێکی دیکەی کوردە لە بەرانبەر دوژمندا، خوێنی شەهیدانی ڕاسان و فیداکاری کادر و پێشمەرگەو ئەندامی ئەو حیزبەیە.
هەر بۆیەش خەباتی نەتەوایەتی ئێمە لە قۆناخی ڕاساندا درێژەی شۆڕشەکانی کوردە کە ئەمڕۆ لە نێوەڕۆکی ڕاساندا جارێکی تر خرۆشاوە تا بتوانێ گەل بەرەوە سەرکەوتن ببات، ئەو خەباتەش بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە دەبردرێت.
ئەندامەتی هەر یەکێکمان لەو ڕێکخراوەدا کە داینەمۆی شۆڕشە لە پێناو ڕزگاری نەتەوایەتی، هەر وەک ئەندامەتی ڕێبەرانمان لەو ڕێکخراوەدا کە کاریگەری ئەرێنییان لە سەر دۆزی کورد بووە، هەر وەک خوێنبەخشینی شەهیدان لە چوارچێوەی ئەو تەشکیلاتە ڕەمزی مانەوەی نەتەوە و خەباتە ڕەواکەمان بووە، خەبات و تێکۆشانە بۆ خزمەت کردنی ئامانجی نەتەوەیی.
هەڵبژاردنی ئەو چوارچێوەیە واتە حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شۆڕش پێویستی بە ڕێکخستن لە نێو گەلدا هەیە بە مەرجێک کە ئەو ڕێکخراوە نەتەوەیی و دێموکراتیک بێت، نەتەوەیی بێت بۆ ئەوەی ستەمی نەتەوەیی لابەرێت، دێموکراتیک بێت بۆ ئەوەی هەڵقوڵاوی دڵی گەل بێت و بە شێوەیەکی ڕەوا خۆی بەڕێوە ببات تا بتوانێ هیوایەک بێت لە سبەینێی سەرکەوتندا کورد لە کوردستاندا بخاتە ئامێزی سیستمێکی دێموکراتیک تا لەوێ دەنگ و ویستی خەڵک سەروەر بێت.
بێ گومان چوارچێوەیەکی وا کە بە درێژایی حەوت دەیە لەو ئاراستەیەدا خزمەتی کردبێت لە سەردەمی جیاوازدا کەموکوڕی هەبووە؛ ئەو کەموکوڕییانە لەوانەیە بە هۆی هەندێک لە کاراکتەرە سیاسیەکانەوە بووبێت کە بە هەست کردن بەو بەرپرسیارەتییە کاریان نەکردووە، یان لە کەمبوونی زانیاری لە سەر ڕووداوەکان، یان بەهێزیی دوژمنان یان پیلانی گەورەی ناوچەیی و جیهانی، ئەوەش کۆسپ لە بەرانبەر سەرکەوتنی حیزب و سەرکەوتنی جووڵانەوەکەمان دروست دەکات و سەرخەستنی دۆزەکە وەدرەنگتر دەخات؛ بەڵام لێرەدا گرفتی حیزب بە مانای ئەو چوارچێوەی کە داینەمۆی خەباتە نییە، بەڵکوو ئەو خەسارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاراکتەرە سیاسییانەی کە لە کات و سەردەمی جیاوازدا لەوانەیە لە ئاست چاوەڕوانی پێویست نەبن، بۆیە ئێمە کە ئامانجمان سەرخستنی دۆزی کوردە، دەبێ سڕینەوەی کەموکوڕییەکان و باشتر و باشترکردنی ئەو چوارچێوەیە بێت چونکە هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا شۆڕش پێویستی بە چوارچێوەیەکی وا هەیە.
بۆ ئەم بابەتە نمونەیەکی زۆر بەرچاو بۆ ئێمە هەیە کە شایەنی لێفێربوونە؛ ڕێبەری نەمرمان دوکتور قاسملوو هەر وەک لە چل ساڵ خەبات دا کە پێم وایە شاکارێکی مێژوونووسییە زۆر زانستیانە و ڕاستگەرایەنە هۆکارەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات دەخاتە ڕوو، واتە خەسارناسی ڕووخانی کۆماری کوردستان لە هەمان کاتدا کە لایەنە ئەرێنییەکانی بەرجەستە دەکات، شرۆڤە دەکات؛ ئەو هیچ کات خودی چوارچێوەی حیزبی دێموکرات بە گرفت نازانێ بەڵکوو دوای ئەوەی لە ئەورووپا دەگەڕێتەوە، زیندووکردنەوە و بەهێزکردن و یاسایی و سەردەمی کردنی حیزب دەکاتە بەرنامەی کاری خۆی و لەو ڕێگە ئەستەمەشدا سەرکەوتوو دەبێت کە دواتر دیسان دەبێتە داینەمۆی شۆڕش.
واتە ئەگەر ئەمڕۆش کەموکوڕییەک هەیە کە بێ گومان بێ کەموکوڕی نین دەبێ بۆ سەرخستنی دۆزە ڕەواکەمان، بەهێزکردن و سڕینەوەی ئەو کەموکوڕییانە بکەین بە بەرنامەی خۆمان تا بتوانین بۆ پێشخستنی ئەو چوارچێوەیە کە لە ڕێکخستنی گەلەکەمان بۆ خزمەت کردنی شۆڕشدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە سەرکەوتوو بین.
ئەگەر جیا لە پێگەی مێژوویی و نرخی مەعنەوی ئەو ڕێکخراوەی کە توانیویەتی داینەمۆبوونی خۆی بسەلمێنێت و ئەمڕۆ بتوانێت ڕاسانێک بۆ گەل ڕێبەرایەتی بکات، بێگومان دەشتوانێ ئەو پێگەیە و هەستانەوە باشتر و باشتر بەڕێوە ببات، کەواتە ئەرکی هەموو لایەکمانە کە ئامانجی هاوبەشی ڕزگارکردنی نەتەوەیمان هەیە پشتیوانی حیزبێکی وەها بکەین نەک بە کۆسپی بزانین، بەڵکوو بە دەوڵەمەندییەک و دەرفەتێک سەیری بکەین.
هەر بۆیە نەک حیزب ڕێگر نییە لە خەباتی نەتەوەییمان بەڵکوو هەبوونی حیزبی دێموکرات لە چەقی ئەو خەباتە بە دەرفەت دەزانم چونکە کورد لە ڕۆژهەڵات پێویستی بە ڕزگاریدەرێک هەیە کە نەتەوەیی بوون و دێموکراتیک بوون وەک دوو کۆڵەکەی سەرەکی ئەو ڕێکخراوە بێت و ئەو ڕێکخراوەش بۆ سەرکەوتنی خۆی کۆڵەکەی خەڵک و پشتیوانییەکەی بە بنەمای سەرەکی کاری خۆی بزانێت تا ئەوانەش لە کۆتاییدا ببن بە هێزی شوێندانەر.
بێگومان ئێمەمانان کە کاراکتەری نێو ئەو ڕێکخراوەین لە هەر جووڵەیەکماندا لەو چوارچێوەیەدا، دەبێ لە لایەک هەست بە شانازی ئەو ئەندامەتییە بکەین کە ڕۆژگارێک پێشەوا و شەهیدانی ئێمە شانازیان پێکردووە، لە لایەکی دیکەشەوە بە هەست کردن بە بەرپرسیارەتی لەمەڕ قورسایی مێژووی فیداکاری و خەبات و قوربانیدان و گەورەیی حیزب ئەرکەکانمان بەڕێوە ببەین تا ئامانجی ڕێبازەکەمان کە دابینکردنی ژیانێکی ئازادە بۆ نەتەوەکەمان لە داهاتوودا بە دی بێت. هەر بۆیە کارکردن بۆ پێشخستنی ئەو چوارچێوەیە کە ناوی حیزبی دێموکراتی لێنراوە ئەگەر نەڵێین خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی ئێمەی پێوە بەستراوە دەتوانین بە جورئەتەوە بڵێین زۆر کاریگەرە ئەوەی لە دەستمان دێت ئەنجام بدەین.
ئەو کات هەر وەک لە مێژوودا سەلمێنراوە حیزب وەک ڕێکخراوێکی نەتەوەیی دێموکرات دەتوانێ زیاتر خزمەت بەو ئامانجە پیرۆزانە کە بۆ خۆی دیاری کردووە بگات.

# ماموستا و پێگەی کۆمەڵایەتی لە پێکهاتەی ڕێژیمدا



جەماڵ فەتحی

لە هەر کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا بە هەر پێکهاتەیەکی سیاسی و بۆچوونێکەوە، ماموستایان و ئەو کەسانەی کە لە پرۆسەی پەروەردە دەوری سەرەکی دەگێڕن، خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ژیانێکی ئارامن. چونکە ئەم چینە لە کۆمەڵگا ڕێڕەوی داهاتووی کۆمەڵگا و وڵات دیاری دەکەن و ناڕاستەوخۆ ناوەندەکانی بڕیاری ئەو وڵاتانە، دەرخەری چۆنیەتیی عەقڵیەت و پرۆسەی پەروەردەییانە، کە ماموستا تێیدا وەکوو بزوێنەری ئەم پرۆسەیە لە قەڵەم دەدرێت.

ئەم پێگەیە لە وڵاتە دیکتاتۆرەکاندا بەپێچەوانەی وڵاتە دێموکرات و پێشکەوتووەکانە، واتە لە وڵاتە دیکتاتۆرلێدراوەکاندا، ماموستا ئەگەر بانگەشە بۆ دەسەڵات و سیستمی حکوومەتی ئەو وڵاتە نەکات و تەنیا ئەرکی ماموستایەتیی خۆی وەکوو ماموستایەک بەجێ بگەیەنێت، لە ڕوانگەی دەزگا حکوومەتییەکانەوە کەسێکی یاخی و لاسار بە ئەژمار دێت و نەک تەنیا لە بواری ئابوورییەوە، بەڵکوو لە بواری پێگەی کۆمەڵایەتیشەوە وەبەر ڕق و غەزەبی دەسەڵاتداران دەکەوێت و لە باشترین حاڵەتدا لەسەر کارەکەیان دەر دەکرێن و لە خراپترین دۆخیشدا یان زیندانی دەکرێن یان سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەردەکرێت.

ڕێژیمی ئێران کە لەسەر بنەمایەکی دواکەوتووانەی سەدە نێوەڕاستی دەسەڵاتی خۆی بەسەر خەڵکی ئێران و کوردستان سەپاندووە، یەکێک لەو دەسەڵاتە دواکەوتوو و دیکتاتۆرانەیە کە هەر چینێک لە کۆمەڵگا ئەگەر لە بازنەی بۆچوونەکانی دەربچێت و نەتوانێت بە جۆرێک کونتڕۆڵی بکات، بە چاوێکی دژبەرانەوە لێی دەڕوانێ و لە هەر ماف و پشکێکی ئەو وڵاتە بێبەری دەکات. ڕێژیم کە لە پرۆسەیەکی نەخوازراو و بە دەرپەڕاندنی جیابیران و لە نێوان دوو خاڵی ڕەشی خراپ و خراپتر توانی خۆی بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێران بسەپێنێ، هەر لە یەکەم ساڵانی بەدەسەڵات گەیشتنی لەگەڵ هەموو پێوەر و پاردایمەکانی کۆمەڵگا دژایەتی خۆی پیشان دا و هەموو ئەو لایەنانەی کە هەستی دەکرد، بۆ سەر دەسەڵاتە خۆسەپێنەکەی مەترسیدارن، سەرکوت کرد.

یەک لەو شێوازانەی کە ئەم ڕێژیمە بۆ دەرپەڕاندن و بەدەستەوەگرتنی جومگەکانی کۆمەڵگا بەکاری هێنا، دەرکردنی ماموستایانی قوتابخانە و زانکۆکان و دانانی کەسە دەسنیشانکراوەکانی خۆی لە جێی ئەو ماموستایانە بوو، کە ساڵانێک لە بواری پەروەردە و وانەوتنەوە لە هەموو قۆناغەکاندا خاوەن ئەزموون و شارەزاییەکی باش بوون. ئەم کردەوەی ڕێژیم لە یەکەم هەنگاوەکانی لە هێرشکردن بۆ سەر باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران، لە ڕێکەوتی ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی، لە لایەن کەسە توندئاژۆکانی سەر بە خۆی بوو، کە بە بیانووی ئەوەی گوایە باڵوێزخانەی ئامریکا هێلانەی سیخوڕییە، ئەم کارە قێزەونەی ئەنجام دا و دواتر بەوپەڕی بێشەرمییەوە ئەم ڕۆژە بە ناوی ڕۆژی قوتابی ناوی لێ نرا، ئەم ناونانە لە ڕاستیدا بە مانای گرنگیدان و ڕێزگرتن لە قوتابی نەبوو، بەڵکوو بەپێچەوانەوە دابەزاندنی ئاستی قوتابی و پەروەردە و ماموستایەتی بوو.

جیا لەوەیکە ڕێژیم بەو کارەی ئاستی پەروەردەیی ئێرانی لە پێش چاوی وڵاتە پێشکەوتووەکان دابەزاند، ڕێگەشی بۆ سیاسەتە دژەمرۆڤانەکانی و هەروەها سەرکوت و زەبروزەنگ لە نێوان سیستمی پەروەردەیی ئێران خۆش کرد و لە جیاتی ئەوەی کەشێکی گونجاو بۆ ماموستا و قوتابییەکان ساز بکات، هەتا ماموستایان بە هەستێکی ماموستانەوە درێژە بە پەروەردەکردنی قوتابییان و خوێندکاران بدەن، زیاترین هەوڵی لەو ڕاستادا بووە کە ماموستایان تەنیا و تەنیا قوتابییەک پێ بگەیەنن کە گوێڕایەڵی بڕیار و سیاسەتەکانی ڕێژیم بن. بۆ ئەم مەبەستەش لە جیاتی دانانی ڕاوێژکاری دەروونی لە قوتابخانەکان کەسێکی سەر بە ناوەندە ئیتلاعاتییەکان بە ناوی ماموستای "پەروەرشی" دیاری دەکات، هەتا منداڵان بەپێی بیرۆکە دواکەوتووەکانی ڕێژیم پەروەردە بکەن و ئەگەریش هەست بەوە بکەن کە قوتابییەک خاوەن هەستێکی شۆڕشگێڕانەیە ڕادەستی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی بکەن هەتا لە خۆی و بنەماڵەکەی لێکۆڵینەوەی پێویست بکەن، ئەم حاڵەتە لە زانکۆکان بە شێوەیەکی بەرینتر و شاراوەتر بەڕێوە دەچێت و لە ڕێگەی "حەراسەت"ـەوە کونترۆڵ دەکرا و ئەو خوێندکارانەی کە لەگەڵیان هاوکاریی ئەمنییەتی نەکات، بە خوێندکارانی ئەستێرەدار دیاری دەکرێن، هەتا لە داهاتوودا لە هیچ دامودەزگایەکی ڕێژیمدا کاریان پێ نەدرێت.

سەرەڕای ئەو هەمووە توندوتیژییەی کە لە ماوەی ئەم چل ساڵەی دەسەڵاتداریەتی ڕێژیم لەسەر ماموستایان قوتابخانە و زانکۆکان بەتایبەت ماموستایانی کوردستان، لە بواری ئەمنی و ئابوورییەوە بووە، بەڵام بەشێکی زۆری ماموستایانی کوردستان لەسەر ڕێبازی خۆیان وەکوو ماموستایەک بەردەوام بوون و لە پەروەردەکردنی قوتابییان و خوێندکاران ماندوویینەناسانە ئەرکی خۆیان ڕاپەڕاندووە، ئەگەرچیش لە لایەن ڕێژیمەوە ناوەناوە بۆ چاوترسێنکردنیان، کەسانی بەرچاو و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتیی لە چینی ماموستایانیان دەسبەسەر و لە هێندێ حاڵەتیشدا لە سێدارە داون، بەڵام ماموستایانی کوردستان وەکوو ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆیی لەو بەرپرسایەتییەی کە کۆمەڵگا لە ئەستۆیانی خستووە، کۆڵیان نەداوە.

هەروەک ئاماژەی پێکرا لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، ماموستایان خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی گونجاو و باشن، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێران بەتایبەت لەم دواییانەدا، ماموستایان وەکوو یەکێک لەو چین و توێژانەی کۆمەڵگا هاتوونەتە ئەژمار کە لە باری ئابووریی و سیاسییەوە لە ژێر گوشارێکی چەندقات بوون؛ کە ئەم گوشارە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا مانگرتنی سەرتاسەریی بە دوای خۆی هێنا و ماموستایان بە نیشانەی نارەزایەتیدەربڕین لەهەمبەر باری ئابووریی ژیان و بژێویان لە نووسینگەی قوتابخانەکان لە ڕۆیشتن بۆ پۆلەکان خۆیان بواردووە. ئەگەرچی ئەم مانگرتنانە زیاتر زەربە لە بواری خوێندن و بارهێنانی قوتابییان دەدات، بەڵام پرسیار لێرە ئەوەیە ئایا بەرپرسانی ڕێژیم بۆ پێشگرتن لەم خەسارە کۆمەڵایەتییە چ هەنگاوێکی کردەیی و ئەرێنیان هەڵگرتووە؟ یان ئەوەیکە ئایا هەتا ئێستە ڕێژیم لەسەر پەروەردە و بارهێنانی بنەڕەتیی قوتابییان کەمتەرخەم نەبووە؟

هەرچەندە ماموستایانی بەئەمەگی کوردستان کە هێندە هەست بە بەرپرسایەتییان تێدا بەهێزە، کە نەهێڵن ئەم مانگرتنانە بە خەساری کۆمەڵایەتیی لەسەر قوتابییان دوایی بێت، بەڵام مانگرتنی ماموستایان هەموو باس لە قەیرانیبوونی کۆمەڵگای ئێران دەکەن و ماموستایان بەم مانگرتنانە، تەنیا ویستوویانە پەیامی خۆیان بە بەرپرسانی ڕێژیم ڕابگەیەنن، کە ئەگەر بیانەوێت وەکوو هەمیشە بە یەکگرتوویی دەتوانن دەسەڵات و هێزیان وەلەرزە بخەن و بیسەلمێنن کە ئەم مانگرتنانە لە ئاکامی سیاسەتی هەڵەی ڕێژیم لە بواری پەروەردە و بارهێنان و یەکگرتوویەکی نیشتمانی هاتوونەتە ئاراوە و لە بازنە چالاکییە سێنفییەکان قەتیس نابێت.

# کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسەت



عەبدوڵڵا ڕەسووڵی

مرۆڤ ئەو بوونەوەریە کە لە نێو کۆمەڵدا دەژیت بۆیە کۆمەڵگا جیا لە بوونی مرۆڤەکان خۆیشی بوونێکی باڵای هەیە. ئەم بوونە باڵایەش وەکوو هەر بوونێکی سروشتی و فیزیکی دیکە کێشە و گرفتی تایبەتی خۆی هەیە. ئەمەش دروستە کە کۆمەڵگای بێ کێشە یان یۆتۆپیا و شاری خەونەکان قەت بوونی نەبووە و نابێت. بە بوونی کۆمەڵگاش بوونی کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی بوونێکی سروشتییە بەڵام ئەم بوونە ئاست و قۆناغی هەیە.

مەبەست لە بوونی کێشە وەك بوونێکی سروشتی ئەوەیە کە تا ڕادەیەك بوونی بێکاری، بوونی هەژاری، بوونی سواڵکەر، بوونی لەشفرۆشی، بوونی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر سروشتییە. ئەم ڕێژە لە کێشەش بەستراوەتەوە بە ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییەوە و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانن دیاری دەکەن چ ڕێژەیەك لەو کێشە سروشتییە؛ بۆ نمونە لە ئابووریدا بوونی لە سەدا ٢ هەتا سەدا ٤ی ڕێژەی بێکاری لە هەموو کۆمەڵگایەك نەك سروشتییە بەڵکوو بۆ گەشەکردنی ئابووری زەرورییە.

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگا هەمیشە وەکوو بوونێك ئامرازی تایبەتی بۆ کۆنترولّ کردنی تاکەکانی هەیە، بۆ نمونە هەموو کۆمەڵگایەك لە ڕێگای نەریت، کلتور، ئایین، پەروەردە، تەندروستی و سیاسەت هەوڵ دەدات تاکەکانی خۆی بەو جۆرەی پێویستە کۆنترولّ بکات و بەو ڕێگایەدا ئاراستەیان بکات کە پێویستە و بە کەڵك وەرگرتن لەو ئامرازانە کێشە و گرفتەکانی خۆی کەم بکاتەوە؛ بەڵام کێشەی سەرەکی لەو کاتەدا سەرهەڵدات کە لە تێکڕای ئەو یەکە کۆمەڵایەتییانەی کە لە نێو کۆمەڵگادا بوونیان هەیە یەکەی سیاسەت یاخود یەکەی ئایین بیهەوێت زاڵ بێت بەسەر یەکەکانی دیکەدا و هێژمۆنی و چۆنیەتی تێڕوانینی خۆی بۆ چۆنیەتی ژیان لە نێو کۆمەڵگا بسەپێنێت. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا لە ڕێڕەوی سروشتی خۆی دەرچێت و لە ئەنجامی ئەم پرۆسەدا دیاردە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان زیاد بکات.

روون و ئاشکرایە کاتێك یەکەی سیاسەت هێژمۆنی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا سەپاند، ئەوا چ کۆنترولّ کردنی کۆمەڵگا و چ بوونی کێشەکان وێنەی سروشتی خۆیان لە دەست دەدەن. لەم قۆناغەدا کۆنترولّی کۆمەڵایەتی لە جیاتی ئەوەی بیهەوێ کۆمەڵگا بپارێزێت ئەوا دەبێتە پارێزەری سیاسەت و هەموو ئەو ئامرازانەی کە لە کۆنترولّی کۆمەڵایەتی بەکار دێن و دەبنە ئامرازی دەستی سیاسەت و لە دواییدا ئەمەش خۆی کێشەی کۆمەڵایەتی بە هەموو ڕەنگ و بۆنەکانییەوە زیاد دەکات.

کاتێك سیاسەت هێژمۆنی پەیدا کرد و کۆنترولّی کۆمەڵایەتیش بووە ئامرازی دەستی ئەو، ئەوا لێرەوە خودی کێشەی کۆمەڵایەتیش لە جیاتی چارەسەرکردن یان ڕاگرتنی لە ئاستێکی سروشتی خۆی، ئەوا گەورە دەبێت و قەبارەی خۆی لە دەست دەدات. ئەمەش جیا لەوەیکە ئەو هۆکارانەی کە کێشەی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن فرەچەشن دەبن؛ بۆ نموونە ئەگەر نەبوونی دەرفەتی کار و نەبوونی توانایی ئابووری لە ئاستی پێویست دەبنە هۆکاری ئەوەی ڕێژەیەك لە تاکەکان بێکار بن، لەم حاڵەتەدا جیاوازیی بۆچوونی سیاسیش دەبێتە هۆکاری زیادبوونی ڕێژەی بێکاری.

ئەم واقعیەتەی کە باسمان کرد، هەر ئەو شتەیە کە ئێستا لە ئێراندا ڕوودەدا و ڕوویداوە بەڵام ئەم بابەتە ئەگەر لە ناوچەکانی نەتەوەی باڵادەستی ئێران بەو شێوە ڕوویداوە، لە خۆرهەڵاتی کوردستان هۆکارەکان و جۆری کێشەکان و تەنانەت چۆنیەتی کۆنترولکردن و ئاراستەکردنی جیاواز بووە.

لەبەر ئەوەی سیاسەتی حکومەتی ئێران لە خۆرهەڵاتی کوردستان کۆلۆنیالیستیانەیە و کوردستان بە موستەعمەرەی خۆی دەزانێت، بۆیە هەوڵ دەدات کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ئامرازەکانی کۆنترولّی کۆمەڵایەتی لەدژی نەتەوەی کورد بەکار بێنێت، بۆیە لێرەدا کێشە کۆمەڵایەتییەکان و خودی ئەو ئامرازانەی بۆ کۆنترولّ کردنی بەکاریان دێنن هەڵقولاوی خودی کۆمەڵگاکە نین. ئەو ئامرازانەی کە بۆ کۆنترولّ کردنی کێشە یاخود کۆمەڵگا بەکار دێت شتێك نین لە خودی کۆمەڵگای کوردییەوە هەڵقولابن. بۆ نمونە سیستەمی پەروەردە وەکو ئامرازێکی کۆنترولّ کردنی کۆمەڵایەتی لە جیاتی ئەوەی لە خزمەتی کۆمەڵگای کوردستاندا بێت لە خزمەتی سیستەمی ئێستعماریدایە و هەوڵ دەدات زیاتر تێکمان بدات.

بۆیە دەبینین تێکڕای بوونی کێشە و تێکڕای کۆنترولّی کۆمەڵایەتی بە هەموو ئامراز و بەشەکانی و هەروەها یەکەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی وەکوو سیاسەت و ئایین و هتد لە جیاتی ئەوەی کارکردێکیان هەبێت لە خزمەتی کۆمەڵگای کوردیدا ، کارکردی ئەوان لە ئاراستەی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگای کوردییە، بۆیە بە ڕای من هەتا کاتێك هەمو کارکردی گشتی لە هەوڵی لەنێوبردنی کۆمەڵگایە و کێشەیەکی گەورەتری بە ناوی کێشەی موستەعمەرە بوون دروستکردووە، باسکردن لە کێشە وردەکانی کۆمەڵگا کە ڕەنگە زۆربەیان لە کۆمەڵگاکانی دیکەش بوونیان هەبێت هەڵەیەکی گەورەی فکری بێت.

هەڵەی گەورەی فکرییە بەو مانایە کە کابرا سەرەتان بگرێت ئیدی لە ترسی هەڵامەت شیوەن ناکات و هەموو هەوڵی بۆ لە ریشە هەڵکەندنی سەرەتانەکەیە. ئیدی پێویستە ئێمەش لە هەوڵی گەورەترین کێشەی کۆمەڵایەتی کە موستەعمەرەبوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری و... ە دا بین چونکە ئەمەیان گەورەترین و سەرەکیترین کێشەی کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی کوردستانە.

# هەڵگەڕانەوەی دەوڵەتی ئاخوندی لە لانێ بۆ شوێنەونکە

هیوا خانی



پاش ئەوەی کۆماری ئیسلامی چەند دەیە بە ناوی ئیسلام داکۆکی لە بەهاکانی ئەم ئایینە و هێنانەکایەی ئیسلامی نابی محەممەدی و بوارخۆشکردن بۆ هاتنی مەهدی (صاحب الزمان) و پەرەپێدانی داد و دەسەڵاتی خوا لە سەر عەرز داوە و لە ماوەی ئەم چەند دەیە خەڵکیان سەرکیسە کردووە ئەوەی بە دروشم رایانگەیاندووە بە کردەوە پێچەوانەیان ئەنجام داوە! چ لە ناوخۆ چ لە دەرەوە. بێنە بەرچاوی خۆت ئەوەی راسپاردەی دین بووە ئەوەی فێرکاری (آموزە)ئیسلامەتی بووە لە کرداری چاک و نییاتی باش و ئەخلاق و رەوشتی جوان، عەداڵەت و دادپەروەری، برایەتی و بەرابەری، ئەوەیکە دنیا کێڵگەی پەسڵانە، زوڵم و زۆر و خیانەت و سەرەڕۆیی، درۆ و دزی و دەسبڕی، بەهەشت و جەهەننەم و ون نەبوونی مسقاڵە زەڕڕەی خێر و شەڕ، ... ئەو هەمووە شتەی کە بە ناوی بنەمای دین و لقوپۆپەکانی و ئاکار و کردەوەی باش بۆ ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری لە سایەی بە یەک چاو چاولێکردنی هەموو بەندەکانی خودا و ... دەسەڵاتی ئاخوندی کە برەوپێدەری (مبلغ) ئەو بوون، بەناوی دەسەڵاتی ئیسلامی، بەناوی عەلی و حوسەین و نوێنەرایەتی مەهدی، عاشقانی بنەماڵەی بن عەبا، هەر هەموویان بۆخۆیان دەژێر پێ نا و بۆ بەرژەوەندی و مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان هەموویان فیدا کرد و ئەوەی چەندین ساڵ بە ناوی بەها ئایینییەکان فێری خەڵکیان کردبوو و تەبلیغیان بۆ دەکرد هەموویان بۆ خۆیان تەک بە تەکیان پێشێل کرد، کارێکیان دەرحەق بە دین کرد، بەڵایەکیان بە سەر هێنا هیچیان پێوە نەهێشت. تەواوی بایەخ و بەهاکان لە پێناو ماڵی دنیا و دەسەڵات قوربانی کرا!. ئەمڕۆکانە ئەم پەتایە کۆمەڵگاشی گرتۆتەوە و خەڵکیش لە پێناو وەدەستهێنانی پوڵ و ماڵی دنیا لە هیچ سڵ ناکاتەوە و حەلاڵ و حەرام و یاسا و قانوون و چاک و خەراپ هەموو پشت گوێ خراوە و وردە وردە ئەوە ویژدان و ئینساف و رەحم و بەزەییش لە کۆمەڵگا بار دەکا! کۆمەڵگا بەتەواوی ئەوە خەریکە تووشی دارمانی ئەخلاقی و ئینسانی دەبێ! ئەو شۆڕشەی خەڵکی ئێران فیداکاری بۆ کرد و مەلاکان دوولینگانەیان بەسەر داهێنا و لە خەڵکیان دزی و پاشان بە ناوی حکومەتی ئیسلامی و "دینسالاری" و "مردمسالاری" لەسەر خەڵکیان فەرز کرد، هەر هەمووی ئەو ئاموزە دینیانەی تەبلیغیان بۆ دەکرد کە بە دەسەڵات گەیشتن هەموویان باری مانایی خۆیان لە دەست دا و بە شێوەیەکی دیکە تەفسیر کرانەوە و لێکدانەوەی تازەیان بۆ کرا و کاریگەری نوێیان بۆ دۆزرایەوە؛ بۆ نموونە ئەو کەسەی لە بەرامبەر زوڵم و زۆری بنەماڵەی پەهلەویدا راوەستابا، فیداکاری رێگای خودا، موجاهیدی فی سەبیلیللا بووا!، ئەگەر کوژرابا شەهید دەبوو ! بەڵام راوەستان لە بەرامبەر زوڵم و زۆری ئاخوندی دا مەحاربی خودا و موفسید سەر عەرزە، کە دەکوژرێ بە درک واصل دەبێ!... ئەو کارە نالەبار و نەشیاو و غەیرە دینی و غەیرە ئیسلامییەی کە بە قازانجی خۆیان بوو بۆ خۆیان مەباح کرد و سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران بە فشە و بە مشە بێرەوبەوێیاندا دەدا و سەرفی خۆیان و ئاغازادەکانیان دەست و پەیوەندەکانیان دەکرد. ئەوە لە حاڵێکدایە رێژیم بە ناوی لایەنگری لە فەقیرو هەژاران (مستضعفین) هاتە سەر کار و موویەکی کەلاوەنشینیان بە هەموو سەروەتی کاخنشینانیان نەدەگۆڕییەوە کەچی ئێستا مەودای دارا و نەدار، نێوانی پاییز و بەهارە. مەودای کاخنشین و کەلاوەنشین ئاسمان و ریسمانە. ئەوەیکە لە ماوەی چل ساڵی رابردوو نەیتوانیوە خەڵک بەرەو سەعاتی ئیسلامی رێنمون بکا و ئەو دادگەرییەی کە دەڵێن هی عەلییە وەدی بێنن خەڵک لێیان هەستاوەتەوە و هەڵڕژاوەتە سەر شەقام و دروشمی داوە و بە هەر لەونێک بۆی لوابێ نارەزایەتی خۆی دەربڕیوە. داوای نەمانی دەسەڵاتی کردووە، داوای پێڕاگەیشتن بە باری ژیار و ژیانی خۆی کردووە، داوای دەستهەڵگرتن لە غەززە و فەلەستین و لوبنان و .... کردووە، کەچی سەروەتی ئێرانیان لە گەجەر و گوجەری هەندەران خەرج دەکرد و جیهانی شیعەیان پێ پۆشتە دەکرد و شۆڕشیان پێ بۆ دەرەوە هەناردە دەکرد. هەر شوێنێک شیعەیەکی لێبێت یان موسوڵمانی بناژۆخواز کە لایەنگریان لێبکا و بە دژی دەسەڵاتی وڵاتی خۆی هەستێتەوە و یارمەتیدەربێ بۆ دامەزراندنی هیلالی شیعی داڵدەیان دەدا و یارمەتیان پێدەگەیەنێ. لە دەرەوە بە ناوی هەناردەکردنی شۆڕش، داشداری لە موسوڵمانانی جیهان لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە میسر و فەلەستین و لوبنان و سورییە و عێراق و عەرەبستان و بەحرین و یەمەن برایانی شیعەی خۆی لە دژی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە هان دەدا و بە پشتیوانی خەڵکی ئێران (پوڵ و ماڵی ) و هێزی سپای پاسداران ( نیزامی و لۆجستیکی ) ئاسایش و تەناهی لە تەواوی خەڵکی ئەو وڵاتانە ئەستاندووە و دەیهەوێ هەمووان وەک ئێران بکاتە ئیسلامی!! بەرچاوترینیان بریتین لە:

لوبنان

یەکەم وڵات کە ئێران دەستێوەردانی ئاشکرای خۆی بۆ هەناردەکردنی شۆڕش دەست پێکرد و توانی هێژمۆنی خۆی لەوێ فەرز بکا لوبنان بوو. بەتایبەت پاش ترۆری سەرکۆماری ئەو وڵاتە سەعد حەریری لە بۆشایی دەسەڵات و قاتوقڕی شەڕی ناوخۆ و نەداری و بێکاری خەڵکی لوبناندا توانی حیزبوولڵا بە پوڵی خەڵکی ئێران تەیار بکا و هێزی چەکدار و لایەنگریان بۆ بەکرێ بگری و دەنگیان بۆ بکرێت و بە هۆی برە دێموکراسییەتێک کە لە لوبنان لە ئارادا هەبوو بە ماڵی خەڵکی ئێران حیزبوڵڵایان دە دەسەڵاتی وڵاتی لوبنان جێگیر کرد. شەڕی ٣٣ رۆژەیان بەسەر ئیسرائیلدا سەپاند و بە چەک، لە شەڕی سورییەشدا داکۆکیان لە دەسەڵاتی ئەسەد کە ئێران پشتیوانی بوو، کرد.

سورییە

بەهاری عەرەبی کە گەیشتە سورییە و خەڵک هاتنە سەرشەقام و خوازیاری لەسەر کارلادانی ئەسەد و بە دێموکراتیزەکردنی سورییە بوون. فشار و زەخت و زۆری خەڵک گەیشتە ڕادەیەک کە ئەسەد جیا لە تەسلیم بوون رێگایەکی دیکەی بۆ نەمابۆوە! ئێران بە هۆی پلانێک کە بۆ هەناردەکردنی شۆڕشی خۆی هەیبوو، پێشتریش کە بۆ ئەو ئامانجە دۆستایەتی لەگەڵ ئەسەد ساز دابوو، بە فەرمی خۆی لە کاروباری ئەو وڵاتە وەردا و دەستی دایە سەرکوت کردنی خەڵکی نارازی ئەو وڵاتە. ئەو بەربەرەکانێ سەختەی رێژیم و هێزەکانی ئێران بەناو پارێزەرانی حەرەم ( مدافعین حرم) وایکرد کە خەڵکیش دەست بۆ چەک بەرێ و بەرگری لە خۆی و شۆڕشەکەی بکا! ئەو چەکداربوونە دیسان بووە هۆی ئەوەی کە ئێران هێندێک گروپی توندئاژۆی داڵدە بدا و داوا و داخوازییەکانی خەڵک بە لاڕێدا بەرێ! بە فیتی ئێران بۆ یەک خەمی لە پێش هەموو شتێکدا ئەسەد بەشی کوردستانی سورییەی تەسلیمی پ کا کا کرد و بە توانای هێز و پوڵی ئێران لەگەڵ بەرهەڵستکارانی بەتایبەت لە ناوەندی شاری دیمەشق شەڕی کۆڵان بە کۆڵانی دەست پێکرد. لە بۆشایی دەسەڵات لە سورییە ئەلقاعیدە و بەرەی نوسرە و دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام و هێندێک گروپی دیکەی ئیسلامی شەرەکەیان لە دەستی دژبەرانی ئەسەد دەرهێنا و هەریەکی لایەکی سورییەی بۆخۆی دابڕی و ئەسەد و ئێران لە ناوەندی ئەو گۆڕەپانەدا مانەوە. ئێران توانی پلانی خۆی بە کردەیی بکا و گروپە ئیسلامییەکان نەک لەگەڵ ئەسەد بەڵکوو لەگەڵ ئەوانیتریش کێشە ساز بکەن. فشاری هێزە توندئاژۆ ئیسلامییەکان بەڕادەیەک بوو کە وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکا و هاوپەیمانان هاتنە سەر ئەو قەناعەتەی کە مانەوەی ئەسەد بە دیکتاتۆری زۆر باشترە لەوەیکە دەسەڵات بکەوێتە دەست داعش. لە لایەکی دیکەوە تورکیا بۆ پێشگرتنی پەرەئەستاندنی دەسەڵاتی پ کا کا ئەویش بە چاولێکەری لە ئێران هێزی سەر بە خۆی خستە گۆڕەپانی سورییەوە! لێرەدا بوو کە زلهێزەکانیش چاریان نەما و خۆیان تێکەڵ بە کێشەی سورییە کرد و بە کردەوە لە سورییە دنیای دوو جەمسەری رۆژئاوا و رۆژهەڵات زیندوو بوویەوە و جیهانی ئیسلامیشی لێ زیاد بوو. ئەو دەسەڵاتە نوێیە بەقازانجی هیچ کام لە وڵاتانی ناوچە و زلهێزەکان نەبوو، ئەوەی کەڵکی لێوەرگرت ئێران بوو بە مانەوەی ئەسەد. پاش یەک دەیە، قەیران و شەڕی سورییە هەروا بەردەوامە. زلهێزەکان بەهرەی خۆیان لێ وەدەست خست و چەکیان لێ بەتاقی کردەوە و مامەڵەیان کرد و چەکیان فرۆشت و ئەوەی لەو نێوەدا ماڵوێران بوو خەڵکی ئەو وڵاتە بوون؛ هەموو بەهرەی خۆیان لێهەڵکراند تەنیا خەڵک ماڵکاول و برسی و دەست بەتاڵ ماوەتەوە. شۆڕشەکەیان لێ بەتاڵان بردن! ئێرانیش هەر چەند ئەسەدی راگرت بەڵام دۆڕاوی سەرەکی ئەو گۆڕەپانەیە. ئەو هەمووە خەرجییەی لەباری ماڵی، نیزامی، لوجستیکی و مووشەکی و تەرابەری کە بۆ مانەوەی ئەسەد لە ماڵی خەڵکی ئێرانی خەرج کردووە خەریکە بە بادا دەچێ و زلهێزەکان دەڵێن هێژموونی ئێران نابێ لە سورییە بمێنێ! ئەوە یانی هاتنەوە سەر حوڵڵەمەرەسێ.

عێراق

پاش رووخانی سەددام، ئێران بە فەرمی خۆی لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەرداوە و لە دۆستایەتی و خزمەتێک کە بە ئەحزابی شێعی دژبەری سەددام کردبوو کەڵکی وەرگرتوو ئەوەی بۆی کرا لە جیاوازی خستنە نێو لایەنەکانی عێراقی و شێعە و سوننی و کورد قووڵ کردنەوەی کێشەکان و گرێپوچکەکردنی گرفتی نێوانیان بە شێوەیەک کە بە رواڵەت هاوکاری هەموو لایەکی دەکرد، بەڵام بەکردەوە پێچەوانەی دەجووڵایەوە! بۆ ئەوەی باشتر بتوانێ جڵەوی دەسەڵات لە عێراق بەدەستەوە بگرێ، بۆ ئەوەی لە عێراق هێزێکی قەهرییەی بەدەستەوە بێ، هێنای بە دەستی لایەنگرانی خۆی لە بەرەی شێعی سوپایەکی بە ناوی حەشدی شەعبی پێکهێنا! لەو لاشەوە کاری دیکەی دەکرد! بۆ نموونە لە سەرهەڵدانی داعش هاوکاری دەوڵەتی عێراق و شامی کرد، لە ئەفغانستانەوە هێنایەوە بۆ سورییە و پاشان لە عێراق جێگیری کرد. لە شەڕی سووریيە لایەکی سورییەیان بۆ خۆیان دابڕی. پاشان ئێران پیلانی داگیرکردنی مووسڵی بە هاوکاری مالکی کە دەسپەروەردەی خۆیان بوو، بۆ داعش بە شێوەی خوارەوە دەستەبەر کرد!:

١ – بۆ پۆشتە کردنی ناڕاستەوخۆی داعش، مالکی بەر لە هێرش کردنی داعش بۆ مووسڵ پوڵێکی زۆری بۆ بانکەکانی ئەو شارە ناردبوو!

٢ – تەواوی تەجهیزات و کەرەستەی نیزامی و لۆجستیکی هێزی شارەوانی و پۆلیس و ئەرتەش لە مووسڵ بەجێ دەمێنێ بۆ داعش

٣ – کەشێک لەنێو هێزەکانی نیزامی عێراقدا ساز درابوو کە ئەفسەری ئەرتەش بە تواناترین ماشینی شەڕی و نەفەرهەڵگری لەبەردەستی بوو بە ڕادەیەک ترسێنرابوون کە نەیانتوانی کەڵک لە وەسیلەی بەردەستی خۆیان وەربگرن و پێی رابکەن! لە ترسان بە توێی کراس و دەرپێ بە پێی پێخواسی خۆیان قوتار داوە.!

وەک دەڵێن داعش بە هێزێکی دووسەد کەسی توانیان ئەو هێزە زەبەلاحەی لەشکری عێراق ڕاو بنێ و مووسڵ داگیر بکا! و دەست بەسەر ئەو هەمووە پووڵ و تانک و تۆپ و جبەخانەیەدا بگرێ و دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ و پاشان هەر ئەو هێزە تۆقێنەرە کە سونییە و لە کوردستان هەڵدەگەڕێتەوە و کوردانی ئیزەدی و کاکەیی تەنانەت کەرکوک و هەولێریش بە ئامانج دەگرێ! هێزی پێشمەرگەی چەند هەزار کەسی و خەڵکی خۆبەخشی ناوچە و هێزی نیزامی عێراق چیان لەدەست نەهات! دڕندەیی داعش و راو بۆچوونەکانی ئەوەندە بۆ بەرەی مرۆڤ ترسناک بوو کە بووە هۆی ئەوەی ئەو گەلەکۆمەکییە جیهانییەی بۆ ساز بێ و ئورووپا و وڵاتانی رۆژئاوا و دەوڵەتانی ناوچە توانیان بەرەو لەبەین چوونی بەرن. پاش نەمانی داعش و هاتنە ئارای گشتپرسی لە کوردستان، ١٦ی ئۆکتۆبری خوڵقاند و نەوتی کەرکوکی بە تاڵان برد.

بەحرەین و عەرەبستان

سەرهەڵدانی شێعەکانی بەحرەین بە پشتیوانی ئێران بە گوڕی دەستی پێکرد و ڕێپێوان و شەڕی سەرشەقام باری تەناهی دانیشتوانی بەحرەینی شلەژاندبوو؛ بە هاناوە چوونی عەرەبستان وایکرد ئاژاوەکانی بەحرەین تا رادەیەکی زۆر ئەهوەن ببێتەوە. عەرەبستانیش بە لەداردانی باقر نەمرهەر لە هەنگاوی هەوەڵ خامۆشی کرد.

یەمەن

حووسییەکانی یەمەن بە پوڵ و ماڵی خەڵکی ئێران و یارمەتی سپای پاسداران و کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتی ئەو وڵاتە هەڵگەڕانەوە و سەرۆکی ئەو وڵاتە پەنای بۆ عەرەبستان برد. لایەنگرانی لە پێتەختی یەمەن دەستیان دایە بەربەرەکانی حوسییەکان و نەیانهێشت دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بە دەستەوە بگرن. شەڕی ماڵوێرانکەری ناوخۆ و گەرەک و کۆڵان دەستپێکرد کە تا ئێستاش درێژەی هەیە. حوسییەکان بە پشتیوانی ئێران چەندین جار مووشەکی بالستیکی سازکراوی ئێرانیان لە یەمەنەوە بۆ نێو خاکی عەرەبستان هەڵداوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە چەندین ساڵە ئەو ئەتنیک و پێکهاتە و وردە ئایین و مەزهەبانە پێکەوە لە ئاسایش و تەناهی ژیاون و هیچ گرفتێکیان بۆ یەکتر پێک نەهێناوە. ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە دەیهەوێ هێژمۆنی خۆی بەسەر وڵاتانی ناوچەدا فەرز بکا و لە سازدانی هیلالی شیعی و جیهانی ئیسلام دەست بەسەر وڵاتانی ناوچەدا بگرێ و ببێتە ئاغا و باڵاسەر و لە ناوچە هێزی سێهەمی جیهانی واتە جیهانی ئیسلام هاوتەراز لەگەڵ دنیای رۆژئاوا ساز بکا!! بەڵام لە یەمەنیش ناچار بە پاشەکشە دەکرێ و دەبێ لەوێش کلک لە گەلۆزی بنێ و ئەو شوێنە بەجێ بێڵێ!.

ئەمرۆ وردە وردە ئەو خولیایەی رێژیم لە ناوچەکە بە دوویەوە بوو، وەک بڵقی سەرئاو یەک لەدوای یەک دەپوکێنەوە. رێژیم دەبێ لە سورییە بار بکات! خەڵکی عێراق ئەوە وەدەری دەنێن! شیعەکانی بەحرەین چیتر بۆیان نایەنە سەرشەقام! حووسییەکان بە کردەوە شکستیان هێناوە! لە لایەکی دیکەوە تەواوی دەسەڵاتدارانی ناوچە و جیهان بە باشی رێژیمی ئاخوندیان ناسیوە، بۆیە لەگەڵ تەحریمەکانی ئامریکا کەوتوون بۆ فشار خستنەسەری کە دەست لەو زێدەخوازی و شەرئەنگێزی و ئیقلیمگیرییە هەڵگرێ.

خەڵکی ئێران لە تەواوی دەهۆ و فێڵ و دەلەسەکانی حاڵی بووە و دەهۆڵی پڕوپاگەندەی جیهانی ئیسلامیان دڕاوە و زیاتر لەوە بڕ ناکا. هەر چەند گەڵێک جار هاتوونەتە سەرشەقام و نارەزایەتییان دەربڕیوە، هاواریان کردووە " نەغەززە، نە لوبنان، گیانم بە فیدای ئێران" زۆر دروشمی نەتەوەیی دیکە بە داکۆکی لە ئێران و خەڵکی ئێران. بەڵام بە هۆی زەبروزەنگی دەسەڵاتی حاکم و ترس و تۆقاندن، رێژیم رێگە لە هاتنە سەرشەقامی گیراوە و دیکتاتۆرییەتی ئاخوندی وای فزە لە خەڵک بڕیوە کە تەنانەت لە وەدەستهێنانی بژیوی رۆژانەی خۆیشیدا ماوەتەوە! هەڵبەت هەموو وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو هەر بەم شێوەن؛ بڕوانە کوبا، کۆرەی باکوور، ئەندونێزی... هەر هەموویان خەڵکەکەیان دەستەوەستان داماون. ئاخوندەکان باش هەستیان بەوە کردووە کە پاش لاچوون لە دەسەڵات لە هیچ کوێی جیهان دەراوێکی روونیان نییە، لە هیچ کوێ جێگا و پەنا و پەسیوێک شک نابەن بۆیە ئەوەندەی پێیان بکرێ ئەو دەسەڵاتە رادەگرن. بە هەر فێڵ و دەهۆ و پیلانێک بێت، وەک جێگری یەکەمی پارلمانی ئێران عەلی موتەهەری گازندە دەکا و دەڵێ: ( برای حفظ یک امر مقدس نمیتوانیم از وسیلەی نامقدس استفادە کنیم.) ئێستا کە ئیسلامی شۆڕشگێری شیعی هیچی دیکە ئاویان لە دودەستی نادا! و ریسەکەیان لێ بۆتەوە خوری پیلانێکی دیکەیان دارشتووە! دەیانهەوێ رەنگ بگۆڕن، یانی لە ئیسلامی سیاسی هەڵگەڕێنەوە و بۆ ناسیونالیزمی ئێرانی و نەتەوەخوازی با بدەنەوە. بۆ شوێنەونکە وەک رێوی لە لانی خۆیان هەڵدەگەڕێنەوە.!

# کاریگەریی گەمارۆکانی ئامریکا بۆ سەر ڕێژیمی ئێران




ناسر ساڵحی ئەسڵ

دانڵد ترامپ سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتی ٨ی ئاوریلی ٢٠١٨ بڕیاری کشانەوەی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنی بەرجام واژۆ کرد. ("بەرجام"، ڕێکەوتننامەی وڵاتانی ٥ + ١ لەگەڵ ئێران کە لە سەرەتای ئاوریلی ٢٠١٥ لە شاری لۆزان لە وڵاتی سویس سەبارەت بە کۆتایی هێنان بە پیتاندنی یۆرانیۆم واژۆ کرا).

هەروەها ماوەیەك پاش کشانەوەی ئامریکا لە بەرجام، مایك پۆمپێئۆ وەزیری دەرەوەی ئامریکا لە ڕێکەوتی ٢١ مانگی مەی ٢٠١٨ بەرانبەر بە ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، لە بونیادی هێریتەیج، ١٢ مەرجی وەك، ئاشکراکردنی هەموو چالاکییە ناوکیی و مووشەکییەکان، ئازادکردنی هاووڵاتییانی ئەمریکایی، ڕێزگرتن لە سەروەریی وڵاتانی سووریا، یەمەن و عێراق و کۆتایی هێنان بە یارمەتی ماڵی و لۆجیستیکی بە گروپە تیرۆریستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و... بۆ نەگەڕانەوەی سزا ئابوورییەکانی پێش لە ڕێکەوتننامەی بەرجام بۆ ئابووریی سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دیاری کرد.

هەروەها دانڵد ترامپ سەرکۆماری ئامریکا لە ڕێکەوتی ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی، قۆناغی دووهەمی گەمارۆکان کە بریتی بوون لە کەرتی نەوت و گاز، بانکەکان، سەنعەتی بیمە، فرۆکەوانی و کەشتیرانی، سەر ڕێژیمی ئێران ڕاگەیاند. پاش ڕاگەیاندنی دەوری دووهەمی گەمارۆکان، سەرکۆماری ئامریکا بەشێوەیەکی کاتی ڕێگەی بە ٨ وڵات دا کە درێژە بە مامەڵە نەوتییەکانی خۆیان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بدەن، هەتا ئەو کاتەی دەتوانن سەرچاوەیەکی دیکەی دابینکردنی نەوتی خاو بدۆزنەوە. ئامریکا داوای لەو ٨ وڵاتە لە کڕیارانی نەوتی ئێران کرد، کە لە جیاتی پارەی هاوردەی نەوت لە ئێران، دەرمان و پێداویستییەکانی نەخوشخانەکان بە ڕێژیمی ئێران بدەن و لە دانی دراوە کاریگەرەکانی وەک یۆرۆ و دۆلار خۆببوێرن. ئەو شێوەیە لە هەناردەکردنی نەوتی ئێران بۆ ئەو ٨ وڵاتە تا ٦ مانگ دەبێت.

ئەوەی لێرەدا جێی باس و تێڕامانە، کاریگەری گەمارۆکانە لە سەر ئابووریی نەخوشی ڕێژیمی ئێران. دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتداری ناڕەوای خۆیاندا، بە کۆنترۆڵکردنی ئابووریی وڵات لە بوارەکانی سەرمایەگوزاری کەلان، کۆمپانیاکانی نەوت و گاز، بەنداوسازی، کەرتەکانی کاڵا و خەدەمات، ئیزنی سەرمایەگوزارییان بە کەرتی تایبەتی نێوخۆ و کۆمپانیا زەبەلاحە بیانییەکان نەداوە. لە وەها دۆخێکدا چونکە ئابووریی ئێران لە لایەك بەستراوە بە فروشی نەوت بووە و لە لایەکی دیکەوە لە ژێر چەتری کونترۆڵ و چاودێری دەوڵەتدا بووە، توانای گەشە و پەرەپێدانی هەمەلایەنی نەبووە و هەمیشە بە کزەبایەك تووشی نەخوشی و رووخان بووە. باندە مافیاییەکانی دەسەڵات و سەروەت لە ڕێژیمی ئێراندا هەروەها لە ڕێگا و بەرنامە کۆپی کراوەکانی سەردەمی شکستخواردووی کۆمۆنیزم، بە حەراجکردنی سەروەت و سامانی نەتەوەیی لە ژێر ناوەکانی وەك، هەموارکردنی ئابووریی، ئامانجدارکردنی یارانەکان یان پەرەپێدان بە کەرتی تایبەت(بە ئاغازادەکانی بازنەی دەسەڵات)، تیری خەلاسیان لە جەستی ئابووریی نەخوشی ئێران دا. بە واتایەکی روونتر، قۆرخکردنی سەروەت و سامانی نەتەوەیی و کۆنترۆڵکردنی بازاڕ و سەرمایەگوزاری کەلان، لە لایەن تاقم و گروپەکانی باڵای ڕێژیمی ئێران و بە تایبەت لە لایەن سپای پاسدارانەوە، ئابووریی ئێرانیان بە تەواوی تووشی دارمانێك کردووە کە هەستانەوەی مەحاڵە.

چونکە لە لایەك کەرتی ئابووریی ڕێژیمی ئێران بە هۆی مایەپوچی کارگە و کارخانەکان، "رانتخوار"ی ئابووری، بەستراوە بوونی ئابووریی ئێران بە داهاتی فرۆشی نەوتی خاو، چوونەدەری سەرمایە و نەبوونی ئەمنییەتی سەرمایەگوزاری بۆ کەرتی تایبەت و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان و لە لایەکی دیکەوە بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخەکان، بێکاری لە ڕادەبەدەر، گرانی سەرسوڕهێنەر، کەمی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە بازار، باڵادەستی و خاوەنداری کۆمپانیاکانی سپای پاسداران و هێزە ئەمنییەتییەکان لە ئابووریی ئێراندا، بێبەهابوونی دراوی میللی، گەندەڵی سیستماتیکی ئابووری و سیاسی، دزینی سەروەت و سامانی نەتەوەیی لە لایەن کاربەدەستانی باڵای ڕێژیم، ئابووریی ئێران بە تەواوی تووشی نەخوشی تێکڕمان و رووخان بووە.

ڕاپەرین و ناڕەزایەتیی بەشێکی زۆر لە شارەکانی ئێران لە بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ و هاوینی ١٣٩٧ی هەتاوی، مانگرتنی مامۆستایان، کامیۆنداران و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێران، لە ئێستادا زیاتر بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لەهەمبەر بوونی گەندەڵیی ماڵی و سیاسی سیستماتیك لە کۆماری ئیسلامیدا بووە. چونکە گەندەڵیی ئابووری سیستم و پێکهاتەی دەسەڵاتی تووشی نەخوشی رووخان کردووە و گەندەڵی سیاسی دەسەڵات گەلانی ئێرانی لە مافە سەرەتاییەکان، ئازادی و کەرامەتی ئینسانی بێبەش کردووە.

زۆربەی چاوەدێرانی سیاسی و ئابووری لەو باوەڕەدان، کە دامودەزگاکانی نیزامی و ئەمنییەتی و بونیادە ئابوورییەکانی ڕێبەری ڕێژیم، تاوانباری سەرەکین لە خولقاندنی وەها بارودۆخێك بۆ ئابووریی ئێران کە بە کزەبایەك تووشی نەخۆشی و تێکڕمان دەبێت. چوونکە ئەم دامودەزگایانە نەك هیچ چاوەدێرییەکیان بەسەرەوە نییە بەڵکوو بەشێکی زۆریان لە دانی باج بە دەوڵەت و شوێنە گشتی و شارەدارییەکان مەعاف کراون. لە ئێرانی ئەمڕۆدا ئەوە بونیادەکانی ئابووریی ڕێبەری ڕێژیمن کە کۆنترۆڵ و چاودێری ئابووریی ئێران دەکەن و دەستیان بە سەر بەشێکی زۆری سەروەت و سامانی نەتەوەیی وەك: بیناسازی، کۆمپانیاکانی هەنارده و هاوهردەی نەوت و گاز، کاڵای ئەساسی، کەشتیرانی، فرۆکە و هۆتێلەکاندا گرتووە. لە وەها دۆخێکدا کە ئامانجی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئامریکا ڕەگ و ریشەی بونیاد و دامودەزگا نیزامی و ئەمنییەتی و ڕێبەرییەکانی ڕێژیمە، شاکلەی ئابووریی ئێران بە گشتی تووشی تێکڕمان و رووخان دەبێت. بانکی جیهانی لە ڕاپورتی ٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاویدا بڵاوی کردەوە کە وڵاتی ئێران لە بواری کار و پیشەدا لە نێوان ١٩٠ وڵاتدا لە پلەی ١٢٨دایە.

هەر بۆیە لە کاتی جێبەجێکردنی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئامریکا بۆ سەر ئابووریی ڕێژیمی ئێراندا، خەڵکی ئێران و بە تایبەت چین و توێژە کەمداهاتەکان و کارمەندانی حکوومەتی و کەرتی تایبەت تووشی هەژاری و نەداری رەها دەبن. هەر بۆیە ئەو شێوەیە لە مودیریەت و بەڕێوەبەریی ئابووریی ئێران لە لایەن ڕێژیمەوە، کاریگەری و شوێندانەری ڕاستەوخۆی لە سەر تووڕەیی و ناڕەزایەتیی بەرینی خەڵك بە دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا هەبووە.

لە وەها بارودوخێکدا بەرپرسانی باڵای ڕێژیم هەر کامە و بە جۆرێك باسی کاریگەری گەمارۆکانی ئامریکا بۆ سەر ئابووری ڕێژیم دەکەن. هەم عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم و هەم حەسەن روحانی سەرکۆماری ڕێژیم، دەڵێن: "گەمارۆکانی ئامریکا هیچ کاریگەریی بۆ سەر دۆخی ئابووری ئێران نییە و تەنیا گوشار خستنە سەر خەڵکی ئێرانە". خامنەیی و روحانی دیانهەوێت بەم قسانە دۆخی شپرزەی ئابووریی ئێران پەردەپۆش بکەن و خەڵکی ساویلکە فریو بدەن.

لە لایەکی دیکەوە هێندیك بەرپرسی باڵای ڕێژیم بەپێچەوانەی قسەکانی خامنەیی و روحانی، وەك جواد زەریف وەزیری دەرەوە و ئیسحاق جهانگیری جێگری سەرکۆمار، باس لە قووڵبوونەوەی قەیرانەکانی نێوخۆ دەکەن، کە بە هۆی گەمارۆکانی ئامریکاوە هەموو جومگەکانی ئابووریی ئێرانی تەنیوە. هەروەها دەڵێن نابێ ڕاستییەکان لە خەڵك بشارینەوە و دەبێ باس لە کاریگەری خراپی گەمارۆکانی ئامریکا بکەین؛ کەوابوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئێستادا توانای چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە ئابوورییەکانی نییە.

باری ئابووریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی گەڕانەوەی دەوری یەکەم و دووهەمی گەمارۆکانی ئامریکا، بە تەواوی تووشی داڕمان و تێکڕمان بووە. ئاوسانی ئابووری بە شێوەیەکی بەرچاو بەرۆکی خەڵکی ئێرانی گرتووە و بەهای دراوی میللی ئێرانی بەرامبەر بە دراوە بیانییەکان بە ڕادەیەکی پێوانەیی لە مێژووی ئەو وڵاتەدا دابەزاندووە؛ لەلایەکی دیکەشەوە بۆتە هۆکاری دەمبەدەمە و لێکهەڵبەزینەوەی باڵەکانی نێو ڕێژیم و نوێنەرانی مەجلیس کە یەکتر، لەسەر ئەم کێشانە تاوانبار دەکەن. هەروەها کاریگەری ئەم گەمارۆیانە بۆتە هۆکاری چێبوونی ئاستێکی بەرز لە ئاوسانی ئابووری کە قەیرانە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی لە نێوخۆی ئێران زیاتر کردووە. لە وەها دۆخێکدا ئابووریی ڕێژیم ڕۆژ بە ڕۆژ بچووک و بچووکتر دەبێتەوە. هەروەها هەناردەی نەوتی ئێران لە ساڵی پاردا ٢/٢٦ میلیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بووە، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی تازەی ئاژانسی وزە هەناردەکردنی نەوتی ئێران تا ئاستی ١/١ میلیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزیوە. هۆکاری ئەم دابەزینەشیان بۆ گەمارۆ چڕوپڕەکانی ئامریکا بە دژی ڕێژیمی ئێران گەڕاندۆتەوە. لە پاش خولی نوێی گەمارۆکانی ئامریکا کە کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، کێشەگەلی کۆمەڵایەتیی لەوانەش خۆکوژی و بێکاری و تەڵاق لە کۆمەڵگای ئێراندا زیاتر پەرەیان سەندووە.

دابەزین و کەمبوونەوەی زیاتری ڕادەی هەناردەکردنی نەوتی ئێران لانیکەم بۆ ژێر ١ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، لەلایەکەوە داتەپین و رووخانی ئەستونگەکانی ئابووریی ئێرانی لێ دەکەوێتەوە و لە لایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی لاوازبوونی توانای کڕینی خەڵك بە گشتی و بە تایبەت چینی هەژار و دەسکورتی خەڵکی ئێران؛ کەوابوو گەندەڵی کاربەدەستانی باڵای ڕێژیمی ئێران لە بوارەکانی سیاسی و ئابووریدا یەکێك لە هۆکارەکانی ڕاپەڕین و ناڕەزایەتیی بەرینی گەلانی ئێران دەبێت.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین بە بەردەوامبوون و توندترکردنی گەمارۆکانی ئامریکا بۆ سەر ئابووریی ڕێژیمی ئێران، ڕێژیم نەتەنیا ناتوانێ تەنانەت مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەتیش دابین بکا بەڵکوو تووشی کەمی بودجەی ساڵانەش دەبێت. لە بەردەوامی وەها دۆخێکیشدا، چینی ناوەڕاستی ئێران بە تایبەت لە شارە گەورەکاندا تێکەڵ بە شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان دەبن و لە داهاتوودا گۆڕانکاری بەرین لە وڵاتی ئێراندا دێتە ئاراوە؛ هەر بۆیە تەنیا ڕێگاچارەی گەلانی ئێران بۆ دەربازبوون لە وەها بارودۆخێکی نالەباری ئابووری و سیاسی و ئاشتبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، روخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.، بۆیە تاکوو یاسا و پڕەنسیپەکانی دێموکراسی لە ئێراندا نەبێتە سەرچاوەی دەسەڵات و بڕیاردان، ئازادی و دێموکراسی و هەڵبژاردنی راستەقینە و یاسایەکی بنەڕەتی دێموکراتیك لە کۆمەڵگای ئێراندا بوونی نەبێت و سەروەت و سامانی وڵات بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران نەبێت، ڕەوشی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئێران تووشی نەخوشی و لێکترازان دەبێت!

## حەسەن ساڵحزادە:



# ماموٚستای کورد کە زمانی خوٚی و قوتابییەکەی کوردییە و ناچاریان کردووە کە لە سەر ناوەڕوٚکی کتێبگەلێک کار بکا کە دژایەتی شوناسی نەتەوەیی و مێژوویی و سەروەرییەکانی خوٚی و گەلە بەشخوراوەکەی دەکەن، ناتوانێ بێ دەنگ و بێ هەڵوێست بێ.

لە ڕۆژانی ٢٢ و ٢٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵ بۆ دووهەم جار لە وەرزی نوێی خوێندن، ماموٚستایانی کوردستان و ئێران مانیان گرت و لە چوونە سەر کلاسەکانی دەرس خۆیان بوارد. ڕەوشی ژیان و گوزەرانی ماموٚستایان لە کوردستان و ئێران بە گشتی چۆنە؟ داخوازی سەرەکی ماموٚستایانی مانگرتوو چین؟ تەنیا چەند ویستێکی سێنفییە یان زیاتر لەوە کۆمەڵێک داخوازی ئینسانین؟ هەڕەشەکانی ڕێژیم لە مانگرتووان و گرتنی چالاکانی ئەم بوارە دەتوانێ ماموٚستایان لە ویستەکانیان پاشگەز بکاتەوە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکەمان ئاراستەی بەڕێز "حەسەن ساڵحزادە" چالاکی سیاسی و ماموٚستای پێشووی قوتابخانەکانی کوردستان نیشتەجێی لە وڵاتی فەڕانسە کردووە کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین.

**دیمانە: شەماڵ تەرغیبی**

**● ڕەوشی ژیان و گوزەرانی ماموٚستایان لە کوردستان و ئێران بە گشتی چۆنە؟ بەتایبەت بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی پیشکەوتوودا؟**

دۆخی ژیان و گوزەرانی ماموٚستایان ئەمڕۆ لە ئێران بە گشتی زۆر نالەبارە. ئامارە بڵاوکراوەکانی ناوخۆ ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ئاستی مووچە و داهاتی نێزیک بە تێکڕای ماموٚستایانی قوتابخانەکان لە جاران خراپترە و لە ژێر هێڵی هەژاریدا ماونەتەوە. دەبێ ئەوە بزانین کە زۆربەی ماموٚستایان بە مەبەستی دابینکردنی ژیانی ڕۆژانە نییە کە ڕوویان لەم پیشەیە کردبێ، بەڵکوو ئەوان شەیدای دەرسوێژین. کەچی مخابن لە ئاکامی کەمتەرخەمی بەرپرسانی دەسەڵات، ناچارن لە ڕێگەیەکی دیکەوە کەموکوڕییەکانی ژیانیان قەرەبوو بکەنەوە. ئەوان کۆمەڵێک کاریان وەک پیشەی دووهەم و لاوەکی هەڵبژاردووە کە هەم زیان بە کەسایەتییان دەگەیەنێ و هەم لە سەر چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی ئەرکە سەرەکییەکانیان شوێندانەری نەرێنی دەبێ.

هەروەها ئەگەر پێگەو دۆخی ژیانی ماموٚستایان لە گەڵ کارمەندانی دیکەی دەوڵەت بەراورد بکەین، دەبینین کە وەزعیان بە نیسبەت ئەوانەوە زۆر لە خوارترە. هەروەها ئەم هەڵسەنگاندنە نەک لە گەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو بەڵکوو لە گەڵ هی ماموٚستایانی دراوسێکانی ئێرانیش یەک ناگرنەوە.

**● بەکورتی باسی ئەوەمان بۆ بکەن کە سیستمی ئاموزشی لە ئێران و بەتایبەت لە نێو نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان گەلی کورد لە چ ئاستێکدایە؟**

سیستمی فێرکاری ئێران بە شێوەی ستوونی داڕێژاوە و پڕۆگرامەکان لە سەردا بۆ خوارەوە دێن یان بە واتایەکی تر دادەسەپێن و ماموٚستایان ناچارن وانەکان بە یەک ئاراستەدا کاناڵیزە بکەن، ئەوەش ڕێگری لە ماموٚستا دەکا کە قوتابی خوڵقێنەرو کراوە بار بهێنێ. ماموٚستا و قوتابی وەک دوو فاکتەری سەرەکی بواری فێرکاری لە پرۆسەی داڕشتنی کاروباری پەروەردە بێبەش کراون. هەر بۆیە پرسی فێرکاری پاش دەیان ساڵ نەیتوانیوە ئاراستەی ڕاستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە.

پرۆگرام و ناوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکان بێجگە لەوەیکە هەڵگری بیری کۆنەپەرەستانە و نازانستیانەن، ناشتوانن وڵامدەری نیاز و پێویستییەکانی کۆمەڵگەی هەمەڕەنگی ئێران بن. پلانڕێژو داهێنەرانی گەڵاڵەی فێرکاری ئێران ڕاستەوخۆ لە لایەن گەلی باڵادەستەوە دەسنیشان دەکرێ و خەمی ئەوانیش نە تەنیا نەتەوە غەیرە فارسەکان ناگرێتەوە بەڵکوو بە ئاشکرا هەوڵی بە لاڕێدابردن و تواندنەوەی تایبەتمەندییەکانیان دەدەن. بۆ وێنە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کە خاوەن مێژوو، کولتوور، زمان، ژینگە و تەنانەت ئایینی تایبەت بە خۆیەتی، لە هیچ حاڵەتێکدا مافی ئەوەی نییە کە لە سەربنەمای مافە ڕەواکانی گەشەو نەشە بکا. ئەوە لە کاتێکدایە کە خەڵکی کوردستان دەیان ساڵە دەنگیان هەڵبڕیوە و لە کاناڵی جۆراوجۆرەوە لە پێناوی وەدەستهێنانی مافە سەرەتاییە ڕەواکانیان خەبات دەکەن و قوربانی بۆ دەدەن. ئەگەر ڕێژیمی داگیرکەری ئاخوندی باوەڕی بە مافی گەلی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران هەبێ، دەبێ بەر لە هەر شتێک بە بەرنامە و ناوەڕۆکی فێرکاری پەروەردەدا بچێتەوە.

**● داخوازی سەرەکی ماموٚستایانی مانگرتوو چین؟ تەنیا چەند ویستێکی سێنفییە یان زیاتر لەوە کۆمەڵێک داخوازی ئینسانین کە کۆماری ئیسلامی پشتگوێی خستووە؟**

داخوازی ماموٚستایان ڕەنگە زۆر بەرین بن، بەڵام دەکرێ لەوەدا کورت بکرێتەوە کە ئەوان داواکارن مافە سێنفییەکانی ئەوان لە لایەن دەسەڵاتەوە بە ڕەسمی بناسرێن. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە دەسەڵات هیچ زمانێکی دیکەی بێجگە لە ئەمنیەتی کردنی چالاکی پیشەیی ماموٚستایان نییە و داخوازیەکانیان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر دەسەڵات بە حیساب دێنێ، پانتایی چالاکی ماموٚستایان بەرفراوان بۆتەوە و هێڵی سینفی بەزاندووە. بە واتایەکی دیکە، لە زۆر بواردا دەنگی ناڕەزایەتی ماموٚستایان بە تایبەت لە کوردستان، قەیرانگەلێکیان زڕاندووە کە دەیان ساڵە کۆمەڵگەی ئێمە لە گەڵیان بەرەوڕوویە.

**● مانگرتنی ماموٚستایان بەتایبەت چەندە کاریگەری لەسەر هەموو کۆمەڵگە دەبێت؟ بەواتایەکی تر شوێندانەری مانگرتنی ماموٚستایان لەسەر کۆمەڵگا چۆن هەڵدەسەنگێنن و پێتان وایە کە ببێتە هاندەرێک لەمەڕ هاتنەمەیدانی باقی توێژەکانی کۆمەڵگە دژ بە ڕێژیمی زاڵ؟**

دەبێ مانگرتنی ماموٚستایان وەکوو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی چاو لێ بکرێ بەو جیاوازییە کە داواکارییەکانی ئەوان بە جۆرێکی ناڕاستەوخۆ پێوەندی قووڵی بە کۆمەڵگەوە هەیە. کاتێک ماموٚستایان ئاماژە بەوە دەکەن کە حکومەت مافی قوتابیان وەک سەرانەی ساڵیانە نادات یان بینای قوتابخانەکان جێگەی متمانە نین یا ئەوەیکە داواکاری قوتابخانەی بە خۆڕایی بۆ هەموو لایەک دەکەن، لە ڕاستیدا دەستیان خستۆتە سەر برێک کێشەی بنەڕەتی کە ساڵانێکە کۆمەڵگەی ئێمە ئازار دەدا و ئەگەر هەمووان لە ویستی ماموٚستایان ئاگادار ببنەوە ئەوە دەتوانێ پشتیوانی چینەکانی دیکەش بە دوای خۆیدا بهێنێت. لە بەرانبەردا دەسەڵات بە شێوەیکی جیددی هەوڵ دەدا کە داوای ماموٚستایان لە مووچە و بژێوی ژیان کورت بکاتەوە، ئەمەش وای کردووە کە توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە متمانەیەکی ئەوتۆیان بەم بزووتنەوە نەبێت کە بیکەن بە ئۆلگووی خۆیان.

**● جاری پێشوو واتە لە ٢٢ی ڕەزبەردا و پاش بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی مانگرتنەکە هێزە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم چەندین کەس لە مانگرتووان بانگهێشتی ناوەندە ئەمنیەتییەکان کران و لێپرسینەوەیان لێکرا کە زەقترین نموونەی بانگهێشت و گیرانی ماموٚستا ساڵح شەکەری ماموٚستای قوتابخانەکانی شاری سەقز بوو کە دواتر بە شێوەی کاتی و بە دانانی وەسیقە ئازاد کرا. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە هەڕەشە و گرتن و چاوسوورکردنەوە لە ماموٚستایان بۆچی؟**

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تا ئێستەش چالاکوانانی بواری سیاسی، مەدەنی، ژینگەپارێزی، سەندیکایی و هتد وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر دەسەڵاتەکەی پێناسە دەکات و لە دادگا فۆرمالیتەکانی بە ڕواڵەت تاوانی دژایەتی لە گەڵ ئەمنیەتی میللی یان بە سەردا دەسەپێنێ بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان مەبەستیان لەم تاوانە دژایەتی لە گەڵ نیزامە، هەر بۆیە ئەوان لە سەر ئەو باوەڕەن کە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە بەشێک لە کۆڵەکەکانی مانەوەی دەسەڵاتە نگریسەکەیانە. بانگهێشت کردنی ماموٚستایان بە ئۆرگانە ئەمنیەتییەکان و هەوڵی ترساندنیان دەگەڕێتەوە بۆ هەمان هۆکار چون ئەگەر ئەوان دەستیان لە هەڕەشە هەڵگبرتایە و ڕێگەی گوێ گرتن لە دەرد و ئازارەکانی ماموٚستایان و چینەکانی دیکەی کۆمەڵگەیان بگرتایەتەبەر، بە دڵنیاییەوە دۆخی کۆمەڵگەی ئێران و خەڵکی کوردستان بەم جێگە قەیراناوییە نەدەگەیشت کە ئێستە دەبینرێ.

پێویستە ئەوەش زیاد بکەم کە لە ئاکامی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی مانگرتنی ماموٚستایاندا، بە گوێرەی زانیارییەکانی شوڕای هاوئاهەنگی پێکهاتە پیشەییەکانی ماموٚستایانی ئێران، نێزیک بە ٢٠ ماموٚستا دەسبەسەر کراون و ژمارەیەکی زۆریش یان بانگهێشتی ناوەندە ئەمنیەتییەکان کراون یان لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەڕەشەیان لێ کراوە.

**● ئێمە لە ڕابردوودا شاهێدی بەڕێوەچوونی مانگرتن لەلایەن سێنفەکانی دیکەی کۆمەڵگەوە بووین بەڵام کەمتر پێش هاتووە کە توانیبێتیان بە ویستەکانی خۆیان بگەن. ئایا بەنیسبەت ماموٚستایانیشەوە دەبێ چاوەڕوانی هەمان دەرەنجام بین؟ بەواتایەکی تر بەڕێوەبردنی ئەمجۆرە مانگرتنانە چەندە کاریگەری دەبێت لەسەر گەیشتنی مانگرتووان بە ویست و داواکانیان؟**

ڕێژیم داواکاری ماموٚستایان بە ڕەوا دەزانێ بۆیە لە ڕووبەڕووبوونەوەیان دەترسێ و پەنا دەباتە بەر چەواشەکاری. کاتێک باس لە پرۆسەی خوێندن دەکەی، قوتابی و ماموٚستا دوو فاکتەری گرینگی ئەم بەستێنەن و لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە پێوەندییەکی قایمیان لە گەڵ کۆمەڵگە هەیە، هەر بۆیە کاتێک ماموٚستایان باس لە کەموکوڕی پەروەردە دەکەن بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئازارەکانی کۆمەڵگە زەق دەبنەوە. لە ساڵانی ڕابردوودا بینراوە کە لە درێژەی چالاکی ماموٚستایاندا ڕێژیم بەپێچەوانەی ویستی خۆی پێمل بە پاشەکشە بووە، هەر بۆیە دەبێ لەم قۆناخەشدا چاوەڕوانی شتێکی لەم چەشنە بین. لە لایەکی دیکەوە پێداگری کردنی ماموٚستایان لە ماف و داخوازییەکانیان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی کاری ڕێکخراوەیی و لە داهاتوودا ئەنجامی ئەرێنی بۆ کۆمەڵگە دەبێت.

**● لە ساڵانی ڕابردوودا چەندین توێژی گرینگی کۆمەڵگە دژ بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێعتراز و ناڕەزایەتییان دەربڕی و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا توندوتیژیشی لێکەوتەوە بەڵام زۆر بە کەمی دەبینرا کە ماموٚستایان وەها یەکگرتووانە بێنە نێو گۆڕەپانەکە. پەیوەست بوونی ماموٚستایان کە ئەرکی بارهێنانی نەسڵی دواتریان لە ئەستۆیە بە ڕەوتی مانگرتن و ئێعتراز دەربڕینەکان هەڵگری چ پەیامێکە؟**

هەروەک لە سەرەوە ئاماژەم دایە، زۆربەی ماموٚستایان شەیدای پیشەکەیانن و ئەوان ئەم ڕێبازەیان بۆ دەستەبەربوونی ژیان و گوزەرانێکی خۆش هەڵنەبژاردووە. ڕێگەم پێ بدە با بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە خۆمان بخەینە جێگەی ماموٚستایەکی مافخوازی کورد لە کوردستان. ئەو ماموٚستای کوردە کاتێک کە دەبینێ دەست و پێوەندەکانی ڕێژیم وەک کۆلۆنی چاویان لە ئاووخاکی کوردستان بڕیوە و بە تاڵان بردنی سامان و ماڵەکەی بە ڕەوا دەزانن، چۆن دەتوانێ لە بەرانبەر برسێتی منداڵانی هەژاری کوردستان بێ دەنگ بێ. ماموٚستای کورد کە زمانی خۆی و قوتابییەکەی کوردییە و ناچاریان کردووە کە لە سەر ناوەڕۆکی کتێبگەلێک کار بکا کە دژایەتی شوناسی نەتەوەیی و مێژوویی و سەروەرییەکانی خۆی و گەلە بەشخوراوەکەی دەکەن، ناتوانێ بێ دەنگ و بێ هەڵوێست بێ. هەروەها کاتێک کە دەبینرێ نیشتمانی کورد میلیتاریزە کراوە و بەرپرسانی ڕێژیم لە جیاتی ئاوەدان کردنەوەی قوتابخانەکان، خەریکی مانۆڕدانی چەک و چۆڵی قورسن و بە ڕازاندنەوەی مۆڵگە و پادگانەکان زوڕنای شەڕ لێدەدەن، ماموٚستایانی کوردستان وەک چاوکراوەترین توێژی کۆمەڵگە کە لە نیزیکەوە هەست بە ئازارو مەینەتی گەلەکەیان دەکەن، ناتوانن بێدەنگ بن.

هەر وەک لە هەواڵەکانیشدا دیمان، لە میانەی دوو خوڵی چالاکی پیشەیی ماموٚستایانی ئێراندا، ماموٚستایانی کوردستان لە ڕیزی هەرە لە پێش بوون و داخوازییەکانیان بە ڕوونی و ئاشکرایی لە دڵی کۆمەڵگەی کوردستانەوە سەرچاوەیان گرتبوو. ئەو نموونەگەلەش پیشاندەری هیوا بە داهاتوون و وانەی یەکڕیزی و یەکدەنگییان تێدا بەدی دەکرێ.

# «کاریگەریی ئافرەتان لەسەر زمانی زگماکی»

**دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات**
**من کوتم تۆش تێبگە ناگاتە زەریایە زنە**

**«هێمن»**

**ئەمین گەردیگلانی**

هەموو میرات و بەشەماڵ و هەقێك لەلایەن باوکەوەیە، کەچی سەرەکیترین و بنەڕەتیترین ملّکێك کە زمانە، لەلایەن دایکەوە بە مرۆڤ دەگات. یەکەم شت کە منداڵ دوای پشکووتنی زمانی فێری دەبێ (زمانی دایکە). چونکە دایك لە هەموکەس نزیکترە و پێوەندییەکی مەزنی ڕۆحی لەنێوان منداڵ و دایکدا هەیە و سروشتییە منداڵ یەکەم وشە لە دایکەوە فێر دەبێ. کەوایە دەتوانین بێژین دایك گەورەترین و بەرچاوترین ڕۆڵی لە گەشەی زماندا هەیە و ئافرەت سەرچاوەی زمانە.

منداڵ هەر لە یەکەم ساتی دەسپێکردنی ژیانییەوە بە تاڵەتیشکی ئەوین و عاتیفە بە دایکییەوە گرێ دەدرێ. دایك بەشێوەی فیزیکی و ڕۆحی و ئەخلاقی لە خزمەت ڕۆڵەکەیدایە و پەروەردەی دەکا. لە هەموو بارێکیشەوە دەتوانێ کاردانەوەی لەسەر منداڵەکەی هەبێ. ئەرکی دایك لەگەڵ ئەوەی زۆر پیرۆز و پاکە و جێگای ڕێزە، زۆریش ئەرکێکی قورس و گرانە و هەموو ئافرەتێك ڕێی ناکەوێ ئەو ناوە پیرۆزە و ئەو مەقامە بەرزەی بدرێتێ. چونکە ئەرکی دایك تەنیا بەخێوکردن و شیرپێدان و خاوێنکردنەوە نییە، گەشانەوە و پێگەیشتنی هەر نەتەوەیەك لە زانایی و تێگەیشتنی ئافرەتانی ئەو میللەتەوەیە. هەر نەتەوەیەك ئافرەتەکانی زانا و ڕووناکبیر بن، ئەو نەتەوەیە مەزن و ئازاد و سەربەرز دەبێ. پێناسەی بوون و زیندووبوونی هەر نەتەوەیەکیش زمانەکەیەتی؛ زمانیش لە دەست ئافرەتی ئەو نەتەوەدایە و دەتوانێ بیگەشێنێتەوە، یان بیفەوتێنێ.

با بە ئەو چاوە پڕهیوا و مەزنبینییەوە بڕوانینە نەتەوە و کۆمەڵی خۆمان و هەڵوێستەیەك لەسەر ڕۆڵی ئافرەتانی خۆمان بکەین و بزانین هەتا چەندە توانیویانە ئەو ئەرکە پیرۆز و مەزنە وەئەستۆ بگرن. ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەردەوام زوڵمی لێکراوە و داری هەموو دەردێکیان لەسەریدا شکاندووە، ژنبەژنە و گەورە بە چووك و بنپشك و بەردیلی و بەرخوێن و بنەتوو و دەیان جۆری دیکە ستەمی دەرهەق کراوە و تەنانەت بەشێوەی شەرعی فرۆشتووشیانە. بەداخەوە زۆرجار زوڵمەکان هەر لەلایەن ژنەوە دەرهەق بە ژنێکی دیکە کراوە و بۆتە بنۆسی چارەڕەشی و هەناسەساردیی هاوڕەگەزێکی خۆی. لە ماڵێدا ئەگەر بۆرە دەسەڵاتێکی بووبێ داخی دڵی خۆی بە ئافرەتی بەردەستی ـ کچ و نەوە و بووك و خوشکی چکۆڵە و ... ـ خۆی ڕشتووە و هەر ئەوەی پیاو کردوویە ئەویش کردوویەتی. یان ژن بە خواستی خۆی و بەبێ زۆرەملی و ناچاری سەربەهەوێ شووی کردووە و بۆتە هۆی تاڵکردن و شێواندنی ژیانی ئافرەتێکی دیکە و ... با زۆر لە باسەکەمان دوور نەکەوینەوە، ئافرەت لەگەڵ ئەو هەموو دەرد و نەگبەتی و بێدەسەڵاتییەش، کاتێ بووە بە دایك، زۆر بەرپرسانە و دەروەستانە شانی داوەتە بەر ئەم ئەرکە پیرۆزە و منداڵی پێگەیاندووە. هەتا ئەمڕۆش زیندووڕاگری زمانەکەمان بوون و بەشێوەی زارەکی پەرەیان پێداوە و نەیانهێشتووە لەنێوبچێ، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی ژیانی شارستانی و تێکەڵبوون لەگەڵ فەرهەنگ و زمانی بێگانان و دەروجیران، ئەگەر ئافرەتان وشیار نەبن و خۆ لەو ئەرکە مەزنە ببوێرن، بەڕاستی زمانەکەمان لە مەترسیدایە. لە کۆمەڵی ئێمەدا بەداخەوە ئافرەتان شەیدای زێڕن و ئەوەی بەلایانەوە سووك و کەمبایەخە متاڵا و خوێندنەوەیە. تەنانەت ئافرەتە خوێندەوارەکانیش زۆربەیان تووشی ئەو پەتایە بوون و هەن. چاو لە هەر دووکانی زێڕینگەرێك دەکەی بە دەیان ژن لەبەر جامخانە و نێو دووکانەکەدا جمەیان دێ، بەڵام دووکانی کتێبفرۆشی و جامخانەکەی بۆ نیونیگایەکیان وەختە سیوشکەی هەڵێ و کتێب چاوەڕوانە ئافرەت بە باڵی پەپوولەی چاوی، تۆزی سەر ڕوخساری لاپەڕەکانی بتەکێنێ.

ئافرەتانی ئێمە تا کەنگێ بەخۆدا نایەنەوە و ئەو کانزا زەردەڵە گڵاوە فڕێ نادەن، کە هۆی تەواوی چارەڕەشی و دواکەوتن و سووکایەتییانە. ڕەنگە لەبەرچاوی تاقمێکی ناهیر و ئەقڵلەچاودا بتوانن خۆ بە ئەو خرموهۆڕی تەنەکە و ئاسنەواڵانەوە ڕانانێن و پۆزی پێوە لێدەن. ئایا بووە بۆ تاقەجارێك بیر بکەینەوە و لەخۆمان بپرسین ئەو تەنەکە زەردە بەکاری چی دێ و بۆچی دەبێ؟ هەتا کەنگێ ئەو کانزایە دراوێك بێ بۆ کڕین و فرۆشتنی ژنان و هەڵیان فریوێنێ؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ژن بە زانایی و تێگەیشتوویی و خوێندەواریی نرخ و بایەخی خۆی بەرێتە سەر و سەرنجی خەڵك ڕاکێشێ و بە زانست و بلیمەت بوونی تەنانەت خەڵك تووشی سەرسووڕمان بکا؟ ئایا ئافرەتان قەت بیریان لەوەکردۆتەوە زێڕ چێشکەیەکی هەڵخەڵەتێنەر بووە و داهێنەری هەرکام لەو زەمبەر و خشڵانەش پیاوە و بۆ دیلکردن و کڕینی ئەوان سازکراوە و پیلانەکەشیان زۆر سەرکەوتووانە بووە؟ بازنە خۆی جۆرێک کەلەبچەیە بۆ دەست و باڵبەستنیان، گوارە ئەڵقە بە گوێبوونە، ملوانکەش زنجیرە و لە ملی کراوە، ئەوانەشی هەمووی لەلایەن پیاوەوە پێدراوە.

«گوارەکەت ئەڵقە بە گوێبوونە،
کەلەبچەی مەچەکت بازنەیە
تۆق و زەنجیر لە ملتدا وەکوو
ملوانکەیە، کۆت پاوانە.»

یان هێندێ لە ئافرەتان هەستی ئیمان بەخۆبوون و ورەیان ڕووخاوە و خۆیان لە میللەتانی دیکە بە کەمتر دەزانن، کوێرانە و لەخۆڕا شەیدای فەرهەنگی بێگانە دەبن و فەرهەنگی دەوڵەمەند و پاقژ و زمانی ڕەسەنی خۆیان بەلاوە سووکە. (لێرەدا باس لەسەر ئافرەتانە دەنا ئەو پەتایە لەنێو پیاواندا باوترە) وشەی دایە و پوورێ و مامە و باوە و خاڵە کە لەباری مۆسیقایی و جوانیناسی و ڕەسەنییەوە ئەو هەمووە جوانە، بە وشەی مەمان، عەممە و خالە و عەمموو و ئاغا و دایی دەگۆڕنەوە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئافرەتانی هێژا بەخۆیاندا بێنەوە و هەست بە گەورەیی و مەقامی شایانی خۆیان بکەن و لەوە زیاتر خۆیان بە کاڵا و ئامرازی دەستی پیاوان نەزانن و پێیان وانەبێ ملّکی پیاوانن و هەر دەبێ ملکەچ و گوێلەمست بن؟ با لانیکەم خۆیان، وەك مرۆڤ و خاوەنی ماف و ئازادی چاو لەخۆیان بکەن.

ئەگەر ژنان و کچانمان تێکەڵ بە زانست و خوێندنەوە بن و هەست بە گەورەیی خۆیان بکەن دڵنیام کۆمەڵگاکەمان نەك لەباری فەرهەنگ و داب و نەریتەوە، لە هەموو بارێکەوە گەشە دەکا و دەبینە خاوەنی کۆمەڵگایەکی ڕەسەن و پێشکەوتوو. ڕادەی جینایەت و بێبەند و باریی لاوان و موعتادبوونیش دێتە خوارێ و تەنانەت زانایی ئافرەتان دەبێتە هۆی ڕیشەکێشکردنیشیان. ئافرەتان ئەگەر زانا بن و ئاسۆی بیر و ئەندێشەیان ڕووناك بێ، پەنا بۆ خۆکوشتن و خۆسووتاندن نابەن و بە چەکی بیر و باوەڕ و زانایی دژ بەوکارە ڕادەپەڕن کە بۆتە هۆی هیوابڕاوییان.

لەکۆتاییدا دەڵێم ئافرەت هەقی خۆیەتی شانازی بەخۆیەوە بکا، چونکە دایکە و دەبێتە دایك. دایکیش سەرچاوەی ژیانە و زمانیش لە ئاسۆی زانایی و ڕووناکبیریی دایکەوە گەشە دەکا. جارێکی دیکە دەیڵێمەوە: "پێناسەی هەر نەتەوەیەك زمانەکەیەتی و سەرچاوەی ئەو زمانەش ئافرەتە. دوا وتەشم ئەوەیە، خۆزگە ئەم قسانەی من ژنێك بینووسیبایە و من ناچار نەبوایەم جەوری ئەوان بکێشم".

«تاکوو ژن زیزە لە ژینی شادی،
هەڵینەمژیوە شنەی ئازادی
ئەم دڵەم هەر دەبێ لانەی دەرد بێ
بیر و شێعرم دژی ڕەنگی زەرد بێ
ئەو دەمە دێتە دی تاسە و کاوم
ژن بە ئازادی ببینێ چاوم.»

**( لە وێبلاگی نووسەر وەرگیراوە)**



KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No:738 21 Nov. 2018

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

## ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەر دیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ٩٧ هەتاوی لە شـــار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتیە لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.**

# هێمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا

### دەستبەسەر، بانگهێشت و زیندانیی کردن و حوکمی زیندان و ناڕوونی چارەنووسی زیندانیان:

ڕۆژی سێشەممە ١٥ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "عەبدوڵڵا موکەڕەم" تەمەن ٦٧ ساڵ خەڵکی شارەکی "تەرزیلوو"ی شاری ورمێ بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ کرا.

بەپێی هەواڵە بڵاو کراوەکان، "سەدرەدین تەیموورپوور"، کوڕی کەریم، یەکێک لە زیندانیانی زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ، بە هۆی ئازار و ئەشکەنجە لە کاتی دەسبەسەریدا، یەکێک لە گوێیەکانی ئاودزی کردووە و داخوازیی ناوبراو بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکی لە دەرەوەی زیندان، ڕەت کراوەتەوە.

"خەبات شەکیبا" یەکێک لە چالاکانی ژینگەپارێزیی خەڵکی شاری سنە، لە لایەن لقی ١٠٣ی دادگای کەیفەریی بە ٣ مانگ زیندانی یان دانی بڕی ١ میلیۆن و ٨٠٠ هەزار تمەن سزا دراوە.

سمکۆ خلقەتی، کارناسی ناوکی و زیندانیی سیاسیی کورد کە لە مانگی بانەمەڕی ئەمساڵ پاش ٩ ساڵ زیندانی لە زیندانی ناوەندیی شاری تەبەس لە پارێزگای خۆراسانی باشوور، ئازاد کرابوو، ئێرانی بە جێهێشت.

بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان، "سەردار عۆسمان بەکر" هاووڵاتیی کورد خەڵکی باشووری کوردستان، کە ماوەی دوو ساڵە لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێدایە، بە تۆمەتی "پڕۆپاگەندە دژی نیزام" لە زیندان، بە یەکساڵی دیکە زیندانی مەحکووم کرا.

"سەید عەلی حوسێنی و سلێمان عەبدی" دوو مامۆستای قوتابخانەکانی شاری سەقز دووبارە بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە کران.

باوک و کوڕێکی خەڵکی شاری سەقز، بە ناوەکانی سدیق ڕەحمانزادە، تەمەن ٤٥ ساڵ و ئوسامە ڕەحمانزادە تەمەن ١٥ ساڵ، کە ماوەی ١٠ ڕۆژە دەسبەسەر کراون، چارەنووسیان ناڕوونە.

ڕۆژی شەممە ١٩ی خەزەڵوەر، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "هاشم و حەسەن فەتحی" لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

ئەم دوو هاووڵاتییە کوردە کە برا بوون، لە شوێنی کارەکەیان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و دواتر بۆ گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری بۆکان ڕاگوێزراون.

دادگای ئینقلابی شاری ئیلام دوو هاووڵاتیی کوردی بە ناوەکانی "هادی باقرنژاد و سەجاد فەریادی"، هەرکامیان بە ٧ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرد و هاووڵاتییەکی دیکە بە ناوی "ئەحمەد عەلی" بە بێئامادەبوونی خۆی بە ١٥ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم و حوکمی دەسبەسەرداگرتن بە سەر کەرەستەی شەخسی ناوبراودا دەرکردووە.

ڕۆژی دووشەممە ٢١ی خەزەڵوەر، مامۆستایەکی کورد بە ناوی "ئومید شامحەممەدی"، خەڵکی شاری دیواندەرە لە لایەن هێزە لیباس شەخسییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعات دەسبەسەر کرا.

سێشەممە ٢٢ی خەزەڵوەر، غالب حوسێنی، چالاکی کرێکاری و لە ئەندامانی کۆمیتەی هاوئاهەنگی بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی هێزە ئینتزامییەکان لە شاری سنە کرا.

ڕۆژی سێشەممە ٢٢ی خەزەڵوەر، هێزە ئیتلاعاتییەکان لاوێکی کوردیان بە ناوی "سامان کەریمی" تەمەن ٢٣ ساڵ خەڵکی شاری بانە دەسبەسەر کرد.

ڕۆژی سێشەممە ٢٢ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "حەسەن فەتحی" تەمەن ٢٧ ساڵ خەڵکی شاری بۆکان، کە لە سەرەتای ئەم حەوتوویەدا، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرابوو، بۆ لێپرسینەوە، ڕەوانەی گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی خەزەڵوەر، چالاکێکی مەدەنیی کورد خەڵکی شاری سەقز، بە ناوی "ئەیووب جەوانپوور" بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی خەزەڵوەر، مامۆستایەکی کورد بە ناوی "ئەسکەندەر لوتفی" خەڵکی شاری مەریوان بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتیی شاری مەریوان کرا و لەو ناوەندە حکوومەتییە لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی خەزەڵوەر، دوو چالاکی کرێکاری خەڵکی شاری سنە بە ناوەکانی "موزەفەر ساڵحنیا، ئەندامی یەکیەتی ئازادی کرێکارانی ئێران و خالید حوسێنی، ئەندامی کومیتەی هاوئاهەنگی"، لە لایەن ئیتلاعاتی هێزە ئینتزامییەکانەوە بانگهێشت کراون.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی خەزەڵوەز، هێزەکانی سپای پاسداران جێگیر لە گوندی نێ‌ی مەریوان، چەند هاووڵاتییەکی دانیشتووی ئەو گوندەیان بە ناوەکانی "ڕەحمەت ئەفرا، عەبوڵڵا ئەفرا، سەلاح ئەفرا، ئەحمەد ئەفرا و سەردار ئەفرا" بانگهێشت کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی خەزەڵوەر، "مادێح فەتحی" هاوژینی "سەحەر کازمی" چالاکی مەدەنیی دەسبەسەر کراوی خەڵکی شاری سنە و دایکی ناوبراو بە ناوی "مەهوەش ئەمیری" پاش بانگهێشت بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە دەسبەسەر کران و بۆ گرتنگەی ئەو ئیدارەیە گوازرانەوە.

شەوی پێنجشەممە ٢٤ی خەزەڵوەر، دوو لاوی کورد بە ناوەکانی "شیروان ڕۆستەمی" کوڕی بارام و "حەمدی ڕەزایی" کوڕی مەحموود، خەڵکی گوندی "دزڵی" شاری مەریوان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

ڕۆی یەکشەممە ٢٧ی خەزەڵوەر، "بڕیار کاوە" تەمەن ٢٥ ساڵ کوڕی ئەمین خەڵکی گوندی "نێ"ی مەریوان کە ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەزبەر، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا بوو، بۆ زیندانیی ناوەندی شاری مەریوان ڕاگوێزرا.

شەوی یەکشەممە ٢٧ی خەزەڵوەر ، لاوێکی تەمەن ٢٢ ساڵ بە ناوی "سەلمان ئەفرا" کوڕی ڕەحمەت خەڵکی گوندی "نێ"ـی مەڕیوان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دسبەسەر کرا؛ لە ماوەی ٣٢ ڕۆژی ڕابردوودا، ئەمە ٥مین هاووڵاتییە خەڵکی ئەو گوندەیە کە دەسبەسەر دەکرێت.

ڕۆژی دووشەممە ٢٨ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "محەممەد دادڕەسی" تەمەن ٣٣ ساڵ کوڕی حامید خەڵکی گوندی "نێ"ی شاری مەریوان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی دووشەممە ٢٨ی خەزەڵووەر، چالاکێکی کرێکاری بە ناوی "خەلیل کەریمی" خەڵکی شاری سنە، لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە یەک ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەرانی کورد

ڕۆژی چوارشەممە ١٦ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "مەنسوور پەرویزی" خەڵکی بەخشی قوتوور بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بریندار بوو.

سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنجشەممە



١٧ی خەزەڵوەر، کاسبکارێکی کورد بە ناوی "سەلاح ئەسفەندوەند" تەمەن ٢٨ ساڵ خەڵکی شاری مەهاباد بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لە دەستدا.

شەوی پێنجشەممە ١٧ی خەزەڵوەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "یوونس ئیبراهیمی" خەڵکی گوندی "زێوەی" شاری سەردەشت بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیانی لە دەسدا.

شەوی پێنجشەممە ١٧ی خەزەڵوەر، کاسبکارێکی کورد بە ناوی "فاروق فەیزی" کوڕی ئیسماعیل خەڵکی گوندی "تەنگیوەر" سەر بە شاری کامیاران بە هۆت تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە شاری ئەهواز گیانی لە دەسدا.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ خەزەڵوەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "غالب کویک" خەڵکی گوندی "دزەوەن" سەر بە شاری مەریوان لە سنووری ئەو شارە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لە دەسدا.

لە لایەکی دیکەوە، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری شاری ورمێ بە بێئاگادار کردنەوەی پێشوو کەوتنە بەردەسرێژی هێزە نیزامییەکان؛ لەو ڕووداوەدا کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "ماهیر شینی" تەمەن ٢٨ ساڵ کوڕی عوسمان خەڵکی ناوچەی مەرگەوەڕ، بە سەختی بریندار بوو کە بارودۆخی گشتیی ناوبراو نالەبار ڕاگەیاندراوە.

ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە ناوچەی "شپیران"ی سەڵماس، کرانە ئامانجی تەقەی هێزە نیزامییەکان و لە ئاکامی ئەو دەسڕێژییەدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "محەممەد وەلیپوور" کوڕی حەسەن پێکرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی خەزەڵوەر، کاسبکارێکی کورد بە ناوی "لوقمان خەیاڵی" تەمەن ٣٦ ساڵ، خەڵکی گوندی "حەسەن کوردە"ی شاری بانە، بە تەقەی هێزە حکوومەتییەکان بریندار بوو.

ڕۆژی شەممە ٢٦ی خەزەڵوەر، کۆڵبەرێکی مێرمنداڵ بە ناوی "مێهران دەهستانیڕاد" تەمەن ١٥ ساڵ خەڵکی گوندی "دۆڵەتوو"ی شاری سەردەشت بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بە سەختی بریندار کرا.



ڕۆژی دووشەممە ٢٨ی خەزەڵوەر، دوو کاسبکاری کورد بە ناوەکانی "لوقمان فەتحی" و "لوقمان ئەعلەم" خەڵکی گوندی "ئارمردە"ی بانە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بە سەختی بریندار بوون.

### خۆکوژی ژنان و پیاوان:

سەربازێکی کورد خەڵکی گوندی "زیویە"ی شاری کامیاران، بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

شوناسی ئەو سەربازە کوردە بە ناوی "بەرزان نەدیمی" کوڕی مەحموود خەڵکی گوندی "زیویە" ڕاگەیەندراوە.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٩ی خەزەڵوەر، ژنێکی تەمەن ٣٢ ساڵ بە ناوی "ترووسکە ڕەسووڵیان" کچی ئیسماعیل، بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

لە لایەکی دیکەوە چەند ڕۆژ پێش، لاوێکی خەڵکی شاری ئیلام بە هۆی خواردنی "حەبی برنج" بە هۆی کێشەی ماڵی، دەستی دایە خۆکوژی.

شوناسی ئەم لاوە کوردە "ڕەزا موعیزی" کوڕی عەلی محەممەد ڕاگەیەندراوە.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی خەزەڵوەر، مێرمنداڵێکی کورد بە ناوی "سینا حوسێنی" کوڕی سەلاح خەڵکی شاری سەردەشت کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

کچ و کوڕێکی لاو خەڵکی ناوچە مێشخاسی شاری ئیلام بە هۆی بەربەست دروستکردنی یەکێک لە بنەماڵەکانی ئەو کچ و کوڕە بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا.

شوناسی ئەو کوڕ و کچە "نیلوفەر مێنەتی ٢٠ ساڵە و ڕەزا موعەزەمی ٢٤ ساڵە" ڕاگەیەندراوە.

### برینداربوون و گیان لە دەستدانی کرێکاران بە هۆی ڕووداوی کار لە کوردستان:

چەند ڕۆژ پێش، کرێکاریکی کورد خەڵکی گوندی "ئیندرقاش"ی شاری مەهاباد بە ناوی "سەید تاهێر سەید محەممەدی" بە هۆی جەڵتەی دڵەوە



لە نەخۆشخانەی ئەو شارە گیانی لە دەست دا.ئەو کرێکارە کوردە، کە لە یەکێک لە بەردبڕییەکانی ئەو شارە کاری دەکرد تووشی چەندین نەخۆشینی وەک ئارتروز و ئاسم هاتبوو، بە هۆی جەڵتەی دڵ گیانی لە دەست دا.

ئەو کرێکارە کوردە، تەمەن ٣٧ ساڵە و خێزاندار و خاوەنی دوو منداڵە.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ٢٧ی خەزەڵوەر، دوو کرێکاری کورد خەڵکی شاری خۆی، بە هۆی نەشتی گاز لە کارگەی ئامونیاک، گیانیان لە دەست دا.

ڕۆژی دووشەممە ٢٨ی خەزەڵوەر، کرێکاریکی کورد بە ناوی "محەممەد ئەمجەدی" کوڕی سدیق، لە کاتی کارکردن تووشی تەزووی کارەبا بوو.

### ئێعدام:

ژنە هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "گوڵستان جنیکانلو"، خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شاری ماکۆ، لە زیندانی شاری خۆی، بە تۆمەتی "زینا" لە لایەن لقی ١ی دادگوستەری ئەو شارە، حوکمی لە سێدارەدانی بە سەردا سەپاوە.

"شایان سەعیدپوور"، لە لایەن لقی یەکی دادگای کەیفەریی پارێزگای سنە،بە تۆمەتی "کوشتنی بە ئەنقەست" حوکمی لە سێدراە دانی بە سەردا سەپا.

ئەو حوکمە لە ١ی خەزەڵوەری ئەمساڵ، لە لایەن دادوەر "وەفاییان" سەرۆکی لقی یەکی دادگای کەیفەریی پارێزگای سنە، دراوە.

ڕێکەوتی ١٥ی خەزەڵوەر، بەرپرسانی زیندانی ناوەندیی شاری بیجاڕ، حوکمی لە سێدارەدانی هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی شاری هەولێر و دانیشتووی شاری بیجاڕیان، جێبەجێ کرد.

کاتژمێر ٥ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ٢٢ی خەزەڵوەر، ژنێکی کورد بە ناوی "شەرارە ئەلیاسی" تەمەن ٢٧ ساڵ و خێزاندار، لە زیندانی ناوەندیی شاری سنە ئێعدام کرد.

**ئەم ئامارە بە پشتبەستن بە ئامارە تۆمارکراوەکانی ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا تۆمارکراوە.**